مكانة المدينة والحضارة في العصر الإسلامي(دراسة نظرية تحليلية)
هذا البحث مقتطف من أطروحة دكتوراه

م. م.هێمن صلاح الدين زين الدين
٠٧٥٠١١٧٠٧٢٥
Hemn.azinaldin@uoh.edu.iq
قسم الآثار – كلية الآداب – جامعة صلاح الدين – أربيل

ب.د. عبدالله خورشيد قادر
٠٧٥٠٤٤٨٤١٤٨
abdallah.qader@su.edu.krd
قسم الآثار – كلية الآداب – جامعة صلاح الدين – أربيل

ب.د. زريان سالار رحمة عارف
zryan.hama@univsul.edu.iq
٠٧٥٠١٠٥٩٥٢٠
قسم الآثار – كلية العلوم الإنسانية – جامعة السليمانية

**الكلمات المفتاحية**: الحضارة، المدينة، العمارة، المسجد.

**كيفية اقتباس البحث**

زين الدين , هێمن صلاح الدين , عبدالله خورشيد قادر , زريان سالار رحمة عارف , مكانة المدينة والحضارة في العصر الإسلامي(دراسة نظرية تحليلية),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# ((The Status of the City and Civilization in the Islamic Era))

(An Analytical Theoretical Study)

This research is an excerpt from a doctoral dissertation by

**A. T. Hemn Salah Al-Din Zain Al-Din**
**07501170725**
**Hemn.azinaldin@uoh.edu.iq**
Department of Archaeology – College of Arts – Salahaddin University – Erbil

**Prof. Dr. Abdullah Khurshid Qader**
**07504484148**
**abdallah.qader@su.edu.krd**
Department of Archaeology – College of Arts – Salahaddin University – Erbil

**Prof. Dr. Zryan Salar Rahma Arif**
**07501059520**
**zryan.hama@univsul.edu.iq**
Department of Archaeology – College of Humanities – University of Sulaimani

**Keywords** : Civilization, city, architecture, mosque

**How To Cite This Article**

Zain Al-Din , Hemn Salah Al-Din , Abdullah Khurshid Qader ,Zryan Salar Rahma Arif)) ,The Status of the City and Civilization in the Islamic Era(((An Analytical Theoretical Study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract :**

Cities and civilization in the Islamic era is considered one of the pillars of the development of society and human progress, Islam is always with the

progress and construction and the creation of a happy society According to human needs, the formation of each city had a number of reasons behind their creation, including political reasons, strategic location, geographical reasons, religious, economic and social reasons, etc It is a vivid and comprehensive picture of history. It tries to completely revive the past, as we describe how the intellectual and spiritual products of people in the past in the fields of (urbanization, science, literature, art, music, writing, politics and religion). Education , economics, culture, and human relations. At the beginning of the Islamic state, then Islamic civilization paid attention to the construction of mosques, schools, libraries, hospitals and streets and markets as an important structure of the city. Finally, cities and civilization in the Islamic era were the main basis for the formation of an advanced society. Their influences have remained in the history and civilization of the world. Civilization is not a new concept. Throughout history, ancient nations have worked on it. Civilization in general means material and intellectual activities of human beings that play a role in the development of cultural, social, political and economic aspects Step by step, cities were built and urban structures were divided into urban building units. This research is a reason to further reveal the meaning and concept of Islamic cities and civilization that has had a strong position in the past, and will introduce the original culture of these regions to the present and future generations. In addition to obtaining the necessary information about the concept of city and civilization, as well as the importance of the formation of archaeological and cultural cities, which has become the interest of researchers to conduct scientific research in this regard

الملخص:

تُعتبر المدن والحضارة في العصر الإسلامي إحدى ركائز تطور المجتمع وتقدم البشرية، إذ لطالما ارتبط الإسلام بالتقدم والبناء وإقامة مجتمع مزدهر. وانطلاقًا من احتياجات الإنسان، كان لنشأة كل مدينة أسباب عديدة، منها أسباب سياسية، وموقع استراتيجي، وجغرافي، ودينية، واقتصادية، واجتماعية، وغيرها. يُقدم هذا الملخص صورة حية وشاملة للتاريخ، ساعيًا إلى إحياء الماضي، واصفًا كيف أثرت المنتجات الفكرية والروحية للشعوب في الماضي في مجالات (التمدن، والعلوم، والأدب، والفنون، والموسيقى، والكتابة، والسياسة، والدين)، والتعليم، والاقتصاد، والثقافة، والعلاقات الإنسانية. في بدايات الدولة الإسلامية، أولت الحضارة الإسلامية اهتمامًا بالغًا ببناء المساجد والمدارس والمكتبات والمستشفيات والشوارع والأسواق باعتبارها بنى أساسية

للمدينة. وأخيرًا، شكلت المدن والحضارة في العصر الإسلامي الأساس الرئيسي لتكوين مجتمع متقدم، ولا تزال آثارها باقية في تاريخ العالم وحضارته. الحضارة ليست مفهوماً جديداً. فعلى مر التاريخ، عملت الأمم القديمة على بنائها. وتعني الحضارة عموماً الأنشطة المادية والفكرية للبشر التي تلعب دوراً في تطوير الجوانب الثقافية والاجتماعية والسياسية والاقتصادية. شيئاً فشيئاً، بُنيت المدن وقُسّمت الهياكل الحضرية إلى وحدات بناء حضرية. يُسهم هذا البحث في الكشف عن معنى ومفهوم المدن والحضارة الإسلامية التي احتلت مكانة مرموقة في الماضي، كما يُعرّف الأجيال الحالية والمستقبلية بالثقافة الأصيلة لهذه المناطق. إلى جانب الحصول على المعلومات اللازمة حول مفهوم المدينة والحضارة، وأهمية نشأة المدن الأثرية والثقافية، الأمر الذي أثار اهتمام الباحثين لإجراء بحوث علمية في هذا المجال.

## پێگەی شار و شارستانیەت لە سەردەمی ئیسلامی(توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە)

ئەم توێژینەویە بەشێکی هەڵێنجراوە لە توێژینەوەی دکتۆرا

م .ی. هێمن صلاح الدین زین الدین
Hemn.azinaldin@uoh.edu.iq ٠٧٥٠١١٧٠٧٢٥
بەشی شوێنەوار – کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

پ.د. عبدالله خورشید قادر
07504484148
abdullah.qader@su.edu.krd
بەشی شوێنەوار – کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

پ .د. زریان سالارحمە عارف
07501059520
zryan.hama@univsul.edu.iq
بەشی شوێنەوار – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

شارو شارستانیەت لەسەردەمی ئیسلامی بە یەکێك لە کۆڵەکانی دروست بوونی گەشەی کۆمەڵگاو پێشەکەوتنی مرۆڤایەتی دادەنرێت، ئیسلامیش هەمیشە لەگەڵ پێشکەوتن و بنیاتنان و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەردایە بۆیە زۆربەی ئایەت و دەقە پیرۆزەکانی قورئاندا باسی شارستانیەتی گەلان و زانست و پێشکەوتن و بنیاتنانی شارو شارستانیەتی کردووە، سەرەتای پەیدا بوونی هەر شارستانیەتێك لە ئەشکەوت پاشان قەدپاڵی شاخەکانەوە دەستی پێکردووە بۆ ناوچە دەشتاییەکان، پاشان گەورە دەبێت و یەکە بیناسازییەکانی تری تێدا دروست دەکرێت، بەپێی پێداویستی مرۆڤ، دروست بوونی هەر شارێك کۆمەڵێ هۆکار هەبووە لە پشت دروست کردنیانەوە، لەوانە هۆکاری سیاسی و هەڵکەوتەی ستراتیژی و جوگرافی هۆکاری و ئایینی وئابووری و کۆمەڵایەتی هتد...لای زۆربەی گەلان ئەم چەمکە ماناو مەبەست

و گرنگی خۆی هەبووە، چونکە بەبێ بوونی شارستانیەت کۆمەڵگا پێش ناکەوێت قۆناغەکانی شارو شارستانیش دروست نابن، شارستانیەت وێنای مێژووە بە شێوەیەکی زیندوو و گشتگیر. هەوڵدەدات ڕابردوو بە تەواوی زیندووبکاتەوە، بەو شێوەیەی وێنای دەکەین کە بەرهەمی هزری و مەعنەوی مرۆڤەکان چۆن بووە لە رابردوو لە بواری ( شارسازی و زانست و ئەدەب و هونەرو مۆسیقاو نوسین و سیاسەت و ئایین ) شارە ئیسلامییەکان تەنها ناوەندی نیشتەجێبوون نەبوون، بەڵکو بوون بە ناوەندی زانست و فێرکردن ، ئابووری، کولتوور، و پەیوەندییە مرۆییەکان. لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلامدا، پاشان شارستانیەتی ئیسلامی گرنگی بە بنیاتنانی مزگەوت، قوتابخانە، کتێبخانە، نەخۆشخانە و شەقام و بازاڕەکاندا وەك پێکهاتەیەکی گرنگی شار. لە کۆتاییدا شارو شارستانیەت لە سەردەمی ئیسلامی بنەمایەکی سەرەکی بوون بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کاریگەرییەکانیان هەتا ئێستاش لە مێژوو و شارستانیەتی جیهاندا ماوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** شارستانیەت ، شار، بیناسازی، مزگەوت.

## پێشەکی:

شارستایەت چەمێکی نوێ نیە بە درێژایی مێژوو هەبووە نەتەوەو گەلە کۆنەکان کاریان لەسەر کردووە دەکرێ بوترێت شارستانیەت بەواتایەکی گشتی بە مانای چالاکی مادی و عەقڵی رۆحی مرۆڤ دێت کە رۆڵی هەیە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی لایەنی کلتووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یاخود بە هەموو ئەو کەلوپەلو پاشماوەو بەرهەمانە دەوترێت کە مرۆڤ دروستی کردووە و پەیوەستن بە چالاکی مرۆڤایەتیەوە، دواتر هەنگاو بە هەنگاو شارەکان بونیات نران پێکهاتەکانی شاریش دابەش بوون بەسەر یەکە بیناسازییەکانی شار.

**گرنگی توێژینەوە:** ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ زیاتر دەرخستنی ماناو چەمکی شارو شارستانی ئیسلامی کە لەرابردوو پێگەیەکی بەهێزی هەیبووە، هەروەها دەبێتە هۆی ناساندن و ئاشناکردنی کلتوورو کەلەپووری ڕەسەنی ئەم ناوچانە بە نەوەی ئێستاو داهاتوو تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەربارەی شارو شارستانیەتی ئیسلامی ئەنجام نەدراوە پشت بەستوو بە چەندین دەقی قورئانی کە هانی مرۆڤایەتی دەدەن بۆ بونیاتنانی شارستانیەت، لەگەل بەدەست هێنانی زانیاری پێوست دەربارەی چەمکی شارو شارستانیەت، هەروەها گرنگی دروست بوونی پێکهاتەی شارە شوێنەواری و کەلەپووریەکان کە بووەتە بایەخی توێژەران بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجام بدەن، هەروەها دۆزینەوەی شارەکانی سەردەمی ئیسلامی هاوکار دەبێت تا لایەنی میری هەوڵ بدات وەکو ناوچەیەکی شوێنەواری مێژوویەکی دێرینی ئەو نەتەوانە سەیر بکرێن و خەڵکی سەردانیان بکەن و ڕابردوویان بیر نەچێتەوە دواتریش وەکو لایەنێکی گرنگی گەشتوگوزار سەردانی بکرێت بکرێنە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری شوێنەواری.

ئامانجی ئەم توێژینەوە: ناساندن و ئاشنابوون بە چەمکی شارستانیەت و پاڵپشتی و هاندانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ دروستکردنی شارستانیەتەکان بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، هەروەها بەدیارخستنی شارەکانی سەردەمی ئیسلامی هۆکاری دروستکردنیان ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ گەشەسەندنی و دەرکەوتن و بوژانەوەی ئەو شارە شوێنەواری و کەلەپووریانە بۆ ئەوەی وەك ناوەندێکی مێژوویی و شوێنەواری تەماشا بکرێن ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە سێ تەوەرە تەوەرەی یەکەم پێکدێت لە شارستانیەت لە ڕووی زاراوەوە تەوەرەی

دووەمیش پێك دێت لە تایبەتمەندی و مانای شارستانیەت لەسەردەمی ئیسلامی تەوەرەی سێیەم برتییە لە پێگەی شار و شارسازی لە شارستانیەتی ئیسلام.

**تەوەرەی یەکەم / شارستانیەت لە رووی زاراوەوە**

شارستانیەت زاراوەیەکی ئاڵۆز و فرە چەشن و مشتومڕاوییە. مرۆڤ دەبێت بە ڕوونکردنەوەی ماناکەی دەست پێبکات. پرسیاری یەکەم پەیوەندی بە سروشتی ئەو یەکەوە هەیە کە ئاماژەی پێکراوە[١]. هەرچی (Rick Doble) پێوایە دووربکەوینەوە لەو پێناسە تەقلیدەی شارستانیەت کە دەڵێ شارستانیەت بریتییە لە هەر کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز کە بە پەرەسەندنی دەوڵەت، چینایەتی کۆمەڵایەتی، شارنشینی و... سیستەمێکی نووسین تایبەتمەند دەکرێت، زیندووترین ناساندن بۆ شارستانیەت لای دۆبڵ برتییە لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی گەورە کە ئاڵۆزیی بیرۆکەکان، باوەڕەکان، دابونەریتەکان و تەکنەلۆژیاکانی، دۆخێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست بکات[٢]. ئەم دۆخە لای ابن خلدون بە جۆرێکی تر پێناسەکراوە شارستانیەت بە دۆخێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت و پێی وایە پێچەوانەی بەربەریەت شارستانیەتە،کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو شارستانیەت دەڕوات دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون و سیستمە کۆمەڵایەتییەکان چالاکن و ژیانی تاکەکان لە گرووپ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکانیاندا پێکدەهێرێت.[٣]. دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی شارستانیەت بە سیستێمکی کۆمەڵایەتی بزانین کە بەهۆی ئەوەوە بوار بۆ داهێنانی کلتووری دەڕەخێنێت و ڕەچەکەی خۆی پەیدا دەکات شارستانیەت سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری یەکگرتووە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، ئایینی، زانستی و هونەریدا دەگرێتەوە. لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ڕێکخراو لە نێوان مرۆڤەکان و بوونی دەسەڵات و ڕێکوپێکی و بەرهەمهێنانی مەعریفە و کولتوور دامەزراوە. یاخود "شێوەیەکی پێشکەوتووی ژیانی مرۆڤەکە بە ڕێکخستن و داهێنان و کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگا تایبەتمەندە [٤] .

یەکێک لە ڕوونکردنەوەکانی زانا ویل دۆرانت لەسە شارستانیەت جەختکردنەوە بوو لەسەر دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە هونەر، ئەدەب، زانست و فەلسەفەدا نەک لەسەر گەمژەیی و تاوانەکانی مرۆڤایەتی یان لەسەر ڕووداوە سەربازی و سیاسی و ئابوورییەکان.[٥]

زۆر پێناسەی شارستانیەت لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئارەزووی مێژوو و لێکۆڵینەوەی شارستانی و مێژوونووسان و مرۆڤناسانی کولتووری دەکەن کراوە هەندێ شارستانیەت بە دوو توخم دەبەستنەوە پێیان وایە ئەو توخمتانە لە مانای شارستانیەتدا وەرگرتووە ئەوانیش توخمە ماددییەکەی شارستانییەت، کە شارنشینی لە دەرکەوتە ماددییە جۆراوجۆرەکانیدا نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها توخمە کولتوورییەکە کە توخمە ئەخلاقییەکەی شارستانییەتە، جا دەرکەوتەکانی ماددی بن، وەک زانست و زانینی پراکتیکی، یان ئەخلاقی، وەک زانینی عەقڵانی و فەلسەفی و زانستە تیۆریەکان.[٦]

بنچینەی وشەی شارستانیەت (Civilazation) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Civites) کە بەمانای شار دێت. (Civies)یش مانای شارنشین دەگەیەنێت، (Civilis) بە واتای شاری یان ئەوەی کە پەیوەندی بە دانشتووی شارەوە هەیە. (Citizen) ئەو وشەیەیە کە هاوڵاتی ڕۆمانی پلەباڵای پێدەناسرایەوە و جیادەکرایەوە لە هاوڵاتی ئاسایی و پلە نزم، بەڵام داتاشراوی (Civilaization) تا سەدەی هەژدە بەکار نەدەهات و بوونی نەبوو[٧]. شارستانیەت جۆرێکە لە کولتوری مرۆڤایەتی کە تێیدا زۆرێک خەڵک لە دەشت و گوند و ناوەندە شارییەکان دەژیان و شارەزا بوون لە هونەری توانەوەی کانزاکان و شێوازێکی نووسینیان پەرەپێداوە یەکەم شارستانیەتەکان لە شارەکانەوە دەستی پێکردکە گەورەتر بوون دانیشتووانیان زۆربوون

پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆڵی خۆی هەبووە لەم گۆڕانکاریە. شارستانیەت پێویستی بەوەیە کە گەلێکی شارستانی هەستکردن بە مێژوو هەبێت لە ڕابردوو و لە ئێستا واتا هۆشیاری مێژوویی هەبێت یان مێژووی پێشوو گرنگی هەبێت لە ئێستادا [٨]. هەندێجار لە بری شارستانیەت وشەی (Culture)بەکار دەهێنن کەلە بنەڕەتدا لە (Culture) لاتینەوە وەرگیراوە کە بەمانای کێڵانی زەوی دێت[٩] بە درێژایی هەردوو سەردەمی ڕۆمانی و یۆنانی ئەم وشەیە هەر ئەم مانایەی هەبوو بۆ نمونە نوسەری بەناوبانگی ڕۆمانی شیشرۆن ئەم مانایەی بەکارهێناوە کاتێ فەلسەفەی بە (Menits Culture) ناوبردووە مەبەستی چاندنی عەقڵ و گەشەپێدانی بووە[١٠] ئیدوار تیلور نوسەری کتێبی (Primitive Culture) پێناسەیەکی گشتگیری کردووە بۆ بۆ کلتوور تا ئەمڕۆش بە تەواوترین پێناسە دادەنرێت لەو پێناسەیەدا هاتووە کە (Culture) بە مانا فراوانەکەی برتییە لەو زاراوە گشتیە زانست و بیروباوەڕو هونەرو ئەدەب و زامن و یاسا و عورفی کۆمەڵگاو هەموو تواناو عادەتەکان لە خۆ دەگرێ و کاریگەری گەورەش لە لەسەر فەلسەفەی فیکری ئەخلاقی،کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاق و یاساو ئایین بەجێ دەهێڵێت کە وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی پێشکەوتن و لابردنی بەربەست لە ڕەوتی شارستانیەتدا ڕۆڵی دەبێت.[١١] ئەم وشەیە بەم شێوەیە مایەوە تا تاوەکو سەدەکانی ناوەڕاست کاتێك لە فەرەنسا سرووتە ئایینەکان بە (Cultes) ناودەبران بە گواستنەوەی وشەی (culture) بۆ (Kulture) ئەڵمانی ماناو مەبەستێکی تری وەرگرت ئەویش بە مانای ئەو پێشکەوتنە هزرییە کە تاك و کۆمەڵگە بەدەستی دەهێنن ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ بۆچوونی ئەڵمانی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی کە پێیوایە فەرهەنگ و کلتوور پلەبەندی پێشەکەوتنی بیرو هزر پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی قۆناغەکانی گۆڕانکاری مێژووی مرۆڤایەتی.[١٢] شارستانیەت لە چەمکی گشتیدا بەرهەمی هەموو هەوڵێکە کە مرۆڤ دەیکات بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی جا ئەو هەوڵەی کە بۆ گەیشتن بەو بەرهەمە خەرج دەکرێت بە مەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، هەروەها بەرهەمەکە ماددی بێت یان ئەخلاقی ئەم چەمکە شارستانییەتەو دواجار دەبێتە مێژوو[١٣].

لێکدانەوەی وشەی «شارستانیەت» لە فەرەنساوە بۆ ئەوروپا زۆر بەخێرایی تەشەنەی کرد، هاوکات لەگەڵ وشەی کلتوور، بەڵام ڕووبەڕووی چەندین لێکدانەوە جیاواز بووەوە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وشەی شارستانیەت لە سەرانسەری وڵاتانی ئەورووپادا وشەیەکی دیکەی لەگەڵدا بوو وشەی "فەرهەنگ" هاوواتای وشەی شارستانیەت، هەرچەندە ئەمە بۆ ماوەیەکی کورت هەر بەو شێوەیە مایەوە ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چەمکی شارستانیەت لە ڕاستیدا لانیکەم دوو لایەنە. لە لایەکەوە ئاماژەیە بۆبەها ڕۆحییەکان لە هەمان کاتدا ئاماژە بە بەها ماددییەکان.کارل مارکس هەوڵیدا جیاوازی بکات لە نێوان مادی و مەعنەوی (material and spiritual). زاراوەی ڕۆشنبیری (الثقافة) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٥٠ لە ئەڵمانیا دەرکەوت و بۆ بیرمەندانی ئەڵمانی گونجاوتر بوو کە هەموو واتاکانی وشەی کولتوور و شارستانیەت لەخۆ بگرێت، ئەوکات لە دەوروبەری ساڵی ١٨١٩ وشەی شارستانیەت بە شێوەیەکی تاک بەکارهێنرا [١٤].کولتوری مرۆیی بریتییە لە کۆی ئەو بیرۆکە و پەیوەندی و شوێنەوار و دامەزراوە و ئامانج و ئایدیاڵانەی کە لە ئێستادا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کاردەکەن. لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا سێ توخم ئامادەن مرۆڤ، سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. کولتوری مرۆڤ لە هەر خاڵێکی مێژووی خۆیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە، کۆی تایبەتمەندییە کولتوورییە هەبووەکان، بەرهەمی داهێنەریی و داهێنان و ئەزموونکردنی مرۆڤە کە لە ژینگەی سروشتی خۆیاندا دانراون شارستانیەت ئاستێکە لە کولتوور کە لەسەر

بناغەیەک بنیات نراوە کە لە ماوەی درێژخایەنی ژیانی پێش شارستانیدا دارێژراوە، ئەم بناغانە پێکدێن لە شوێنەوار، ئامێر، داب و نەریت، شێوازی خوو و دامەزراوە کە لە چەندین ناوچەی پەرشوبڵاودا لەلایەن کۆمەڵێک مەرداره کۆچبەرەکان، چاندنکاران، دەستی و بازرگانەکانەوە بەرهەم هێنراون و پەرەیان پێدراوە و لە کۆتاییدا لە کۆمەڵگە شارییەکان کە لە دەوری ناوەندەکانی سامان و دەسەڵات دروستکراون ئەو شارانەی کە ناوکی هەموو شارستانیەتێکن[١٥].

لەمانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە زاراوەی شارستانیەت لە سەرەتاوە بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگایەک بەکارهاتووە کە ئەمانەی خوارەوەی تێدابێت :

١. نیشتەجێکردنی هەمیشەیی
٢. گەشەپێدانی شارەکان
٣. کشتوکاڵی ڕێکخراو
٤. سیستەمی خوێندەواری/نووسین
٥. سیستمی سیاسی (حکومەت)
٦. چالاکیی تایبەتمەند (دابەشکردنی کار)
٧. فرە کولتووری

لێرەشەوە دەتوانین پێناسەی کلتوور بکەین کە توخمێکی تری گرنگی شارستانییەتە. ڕوانگەیەکی جیاواز بە شارستانیەتێک دەبەخشێت بە پێچەوانەی توخمەکانی تر بە میراتی کۆمەڵایەتی ناسراوە. کلتوور هاوکاتە لەگەڵ شارستانیەت، بەڵام یەکەمیان ناتوانرێت بۆ پێناسەکردنی دووەمیان بەکاربهێنرێت شارستانیەتەکان گەورەترن کولتوورەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن سەرەڕای ئەوەش کولتوور پێکهاتەیەکی لاوەکییە بەڵام شارستانیەت فرەیی و هەمەچەشنە، کلتوورەکان دەتوانن زۆر بچووک بن، لە کاتێکدا شارستانیەتەکان هەمیشە گەورەن.کولتوور جێگیر نییە لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا دەگۆڕێت کە لە ڕێگەی بازرگانی یان سیاسەتەوە[١٦].

پێوەرە ئەزموونییەکانی شارستانیەت زۆرن لەوانە: گەشەپێدانی ئابووری لە دەرەوەی چوارچێوەی تەسکی کشتوکاڵی و پێشکەوتن لە زانستە سروشتییەکان و ئایینی و لێبوردەیی و ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین؛ سیاسی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە کۆتاییدا پلەیەکی بەرزی ڕەوشت و خستنەڕوو و جەختکردنەوە لەسەر ڕەوشت وەک لایەنێکی شارستانیەت، چونکە ڕەوشتی تاك ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرهێنانی هزری تاکی خاوەن شارستانی و پێشکەتوو[١٧].

سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی وشەی شارستانیەتی ئینگلیزی (Civilaization)لە سەدەی ١٦دەرکەوت لە وشەی فەرەنسی civilisé وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی civilis پەیوەندی بە civis (هاوڵاتی) و civitas (شار)ەوە هەیە، لە کۆتاییەکانی ١٧٠٠ و سەرەتای ١٨٠٠، لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا شارستانیەت بە مانای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بوو بە شێوەیەکی گشتی بوو، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا زۆر زیاتر باو بووە، هەندێکجار تەنها بە واتای کولتوور بووە[١٨].

ئاڕاستەی وەرگێڕانی وشەی (Culture)بۆ ڕۆشنبیری بۆ یەکەم جار گۆرا لەلایەن نوسەر بەناوبانگی میسری (سەلامە موسا) کە یەکەم کەس بوو وشەی ( الثقافة) بڵاوکردەوە لە ئەدەبی عەرەبی نوێدا وە ئاماژە بەوەش دەکات کە وشەکە هی ئەو نەبووە بەڵکو لە ( ئیبن خەلدون) وە وەریگرتووە، کە (ثقافة) برتییە لەو زانیاری و ئەدەب و هونەرەی کە مرۆڤەکان فێری دەبن و

خۆيانی پێ ڕۆشنبیر دەکەن، بەڵام ژیار (الحضارة) لایەنی بەرجەستەکراوە وەك ئامێری داهێنراو ،باڵەخانەی بەرزسیستمێکی سیلسی و ئایینی پەیڕەوکراو کەواتە (حضارة) لایەنی مادی و بەرجەستەکراوە و (ثقافة) لایەنی بیرو هزرو و ئاوەزە.[١٩]

هاوتەریبی هەیە لە نێوان کولتوور و شارستانیەتدا کولتوور نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵە ئامرازانە دەکات کە بەکاردەهێنرێن بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی سروشتی (شارسازی، تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانەکانی کولتوور بە نمونەیەک لە شارستانیەت دادەنرێت، شارستانیەت لە سەرانسەری جیهاندا گشتی و گشتگیرە، لە کاتێکدا کولتوور ناوخۆییە و تایبەتە بە سنوورە جوگرافییە تایبەتەکان بەم شێوەیە شارستانیەت دەبێتە کۆی ئەو کولتوورانەی کە پەیوەندییەکی تایبەتیان لە نێوانیاندا هەیە[٢٠].لە ڕاستیدا سەختی ڕاستەقینە لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان شارو شارستانیەتدایە هەیە، بۆچوونی بیرمەندان لەسەر ئەم بابەتە زۆر جیاواز بووە. هەندێک باسیان لەوە کردووە کە شار (المدینة) جیاوازە لە شارستانیەت (الحضارة)، وەک چۆن سادە جیاوازە لە ئاڵۆز ئەم بۆچوونە نوێنەرایەتی بیروباوەڕی ئەو زانایانە دەکات کە بە تایبەتی سەرنجیان لەسەر لێکۆڵینەوە لە شارستانیەتەکانی کۆمەڵگا سادەکان داوە. هەندێکی تریش باسیان لەوە کردووە کە شار سادەترە، بەو پێیەی شار بە تایبەتی پەیوەندی بە دیاردە ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لە کاتێکدا شارستانیەت پەیوەندی بە دیاردە کولتووری و ئەخلاقییەکانی ئەم ژیانەوە هەیە[٢١]. بەپێی فەرهەنگی عەرەبی وشەی (حضر) واتای ئامادەبوون پێچەوانەی نەبوون دەبەخشێت، یاخود دانیشتوان لە بەرامبەر چۆڵەوانی یان بە واتای شارێک یان کۆمەڵگەیەکی گەورە دێت[٢٢].

لە زمانی عەرەبیشدا دەرکەوتنی زاراوەی (الحضارة) زانایان و مێژوونووسان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم زاراوەیە کردووە، لەوانە (الحاضرة) و (الحضارة) برتییە لە نیشتەجێبوون لە (الحضر) واتا شارو گوندەکان بە پێچەوانەی (البداوة) دەشتەکییە کە گەڕان و کۆچەرێتییە لە دەشت و دۆڵ[٢٣]. لە کتێبی لسان عرب هاتووە شارستانیەت بە مانای شار (المدینة) یا بە مانای شوێن دێت یان قەڵا ئەو زەوییەی کە شاری تێدا بونیات دەنرێت[٢٤]. هەروەها اشنجلریش دەڵێ شارستانیەت ئەو زمانەیە کە ڕۆح لە ڕێگەیەوە گوزارشت لەوە دەکات کە هەستی پێدەکات وە دەڵێت شارستانیەت دیاردەی سەرەتایی هەموو مێژووی جیهانە، ئەوەی هەبووە و هەیە و دەبێت.[٢٥] وشەی عەرەبی (الحضارة)کە لە (الحضور) بوونەوە وەرگیراوە، بە واتای بوونە لە دیمەنی مێژوویدا تێیدا زۆرێک لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بوونی هەبووە خاوەندارێتی شارستانیەتێکیان کردووە[٢٦]. زاراوەی شارستانیەت بۆ یەکەمجار لە جیهانی موسڵماناندا هەر لە سەدەی هەشتەمی کۆچی موسڵمانان لە نووسینی ئیبن خەلدوون جگە لەوەش ئیبن خەلدوون دوو زاراوەی بەکارهێناوە یەکەم بریتین لە (حضر) دووەم برتییە لە (عمران) کەبەراورد دەکرێن لەگەڵ زاراوەی ڕۆژئاوایی (Civilization)شارستانیەت، بەو مانایەیە کە مرۆڤ دەبێت پێکەوە لە شارەکاندا نیشتەجێ بێت. ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ دەبێت لەگەڵ یەکتری هاوبەشی نیشتەجێ بێت بۆ پێکەوە ژیان لە شار و گوندەکاندا بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، لە ئەنجامی سروشتی مەیلی مرۆڤەکان بەرەو بنیاتنانی شارستانیەتی[٢٧].

وشەی شارستانیەت لە فەرهەنگی نەریتی بەناوبانگی زمانی عەرەبی Lisān al-ʿArab دا بە واتای ئامادەبوون بە پێچەوانەی نەبوونی دانیشتوو لە بەرامبەر بەدەوی. (حضارة) بە واتای شارێک

یان كۆمەڵگەیەكی گەورە دێت. هەروەها بە واتای مانەوە لە شارێكدا بە پێچەوانەی بەدەوی، هەروەها دانیشتووی شار و گوندەكان[٢٨].

ئاراستەی وەرگێڕانی (Civilization) بۆ وشەی عەرەبی (الحضارة) ئەم ئاڕاستەیە لە دەستپێكی چارەكی دووەمی سەدەی بیستدا لە ناو نووسینی عەرەبیدا بەربڵاوتر بوو، بە تێڕامان لە هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ژیار (الحضارة) كراون تێبینی ئەوە دەكەین كە هەمان ئەو پێناسانەیە كە بۆ شارستانی كراوە جیاوازییەكە تەنیا لە وشەكەدایە ناوەڕۆك هەر یەك شتە هەمان ناواخنی وشەی (Civilization) ئەوروپیە، لەبەر ئەوەی چەمكی (الحضارة) پەیوەستە بە ئامرازەكانی تەكنەلۆجیاو نوێوە چونكە ژیار مادەیەكی بەرجەستەیە كەلە ئامێرێكدا كە دادەهێنرێت یاخود لە باڵەخانەیەكدا كە بڵند دەكرێت یان لە سیستەمێكی حوكمڕانیدا كە جێبەجێ دەكرێت یان لە ئاینێك كە پەیڕەو دەكرێ سروشت و زانیاری و دامودەزگای تایبەت بە خۆی هەیە بۆیە دەتوانین بڵێین كە چەمكی ژیار مادییە.[٢٩]

**كۆمەڵێك هۆكاری گرنگ كە بەشدارن لە بنیاتنانی شارستانیەت :**

- **هۆكاری جوگرافی:** هۆكاری جوگرافی یەكێكە لەو هۆكارە سروشتییانەی كە هەر لە كۆنەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر نیشتەجێ بوون و گەشەی شارستانیەتەكان هەبووە ، بە جۆرێك لەو ناوچانەی كە خاكەكەیان باشە و بە كەڵكی كشتوكاڵكردن دێت، توانای ڕاكێشانی ژمارەی زۆری خەڵكی دەبێ بە پێچەوانەشەوە ڕاستە[٣٠]. سەرەڕای بەرزو نزمی كەلە هۆكارە سروشتییەكانە كە گرنگترین هۆكارە كار دەكاتە سەرپێكهاتە و دابەشبوونی شارەكان و دیاریكردنی قەبارەو مەودای فراوان بوونیان،ئەمەش كاریگەری زۆری هەیە لە ڕاكێشانی خەڵكی بۆ مەبەستی بۆ بنیاتنان شارستانیەت و نیشتەجێ بوون[٣١]. بۆ نمونە لە بونیاتنانی شاری بەغداد هۆكاری جوگرافی پاڵنەرێكی سەرەكی بوو لە دروستكردنی، خەلیفە ئەبو جەعفەری منصور ئەوكات چەند گەڕیدەیەكی نارد تا شوێنێكی لە باری بۆ هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بیكاتە پایتەختی دەوڵەتەكەی، ئەوانیش ناوچەیەكی نزیك لە (بارما*) لە باشووری موسڵیان هەڵبژارد.[٣٢] هەروەها شاری بەغداد لە ناوەر}استەو لە نێوان چوار ناوچەیە لە هەرێمەكانی دراوسێ بەوەش فریاگوزاری و شمەكی بە ئاسانی بۆ دێت وە پێگەی بەغداد چەند تایبەتمەندێكی هەبوو لەوانە كەمی شێ و گەرمی و وشكییەكی هەبوو ئاوهەوایەكی مامناوەندی هەبوو.[٣٣]

شارستانیەت چەندە گەورە یان بچووك بێت، بەڵام بە ناچاری سەرەتایەكی پەیوەست بە خاكێكی دیاریكراوەوە هەیە و بەشێكی بەرچاو لە واقیعەكەی بەهۆی ئەو پێداویستی و سوودانەی كە ئەو ناوچە جوگرافییە پێشكەشی دەكات بەدرێژایی سەدەكان كەوتۆتە ژێر ئەو گەشەپێدان و زیادكردنانەی كە دانیشتووانەكەی ئەنجامیان داوە هەندێک شوێنی جوگرافی بۆ هەزاران ساڵە مرۆڤەكان تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵگەی ئەو گەشەكردنە بووەتە هۆی باشتربوونی خاكەكەی بە درێژایی سەدەكان[٣٤].

- **هۆكاری نەتەوەیی (گەلی هۆشیار) :** لە هەموو تاقیكردنەوەكاندا دەربارەی مرۆڤ و گەلانی سەرزەوی و ئەو دەرئەنجامە دەردەخەن كە مرۆڤ تەنیا بونەوەرێكی هۆشیارە تاوەكو ئێستا ناسراوە،توانای مێكی مرۆڤ پەیوەستە تەنیا بە خودی مرۆڤەوە هیچ بونەوەرێكی تر ئەو توانایەی نیە لە ڕووی چۆنیەتی و چەندێتیەوە[٣٥]. هەندێ لەو نەتەوانەی بە درێژایی مێژوو ژیاون مافی نەتەوەیبوون و شارستانیەت بۆ مرۆڤایەتی دابین بكەن، بە پێچەوانەوە هەندێ

نەتەوە شارستانیەت و كلتووری ڕاستەقینەو ڕەسەنیان نەبووە شارستانیەتەكەیان زیاتر رووكەش بووە یاخود هەر نەبووە.

**- هۆكاری غەریزەی جۆری مرۆڤ ( كەسێ مەیل و بەهەستە بۆ ئاوەدانی)** : ئەم مرۆڤە لە ناخییەوە حەزی لە سەقامگیری و بیناسازیی و ئاوەدانیە پاڵپشتی كرد بۆ ئەوەی داهێنەر بێت لە بنیاتنانی شارەكان و پەرەپێدانیان بە شێوازێكی ئەندازیاری جوان ئەم فاكتەرە لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەوە بۆ مرۆڤ نەهاتووە، بەڵكوو هەروایە فاكتەرێكی غەریزەیی كە لەناو خودی مرۆڤدا بوونی هەیە، كە پاڵدەنێت بۆ كاركردن و بنیاتنان واتە دەستكرد نیە و بەدەست نەهاتووە، بەڵكو فاكتەری زگماكی و خۆرسك بووە كە لە سروشتی پاكی خۆیەوە وەریگرتووە.

**- فاكتەری بیركردنەوە و ئیرادە و داهێنان:** مرۆڤ بوونەوەرێكە تەنها بابەتی گەشەكردن لەگەڵ ئاژەڵ و ڕووەكەكاندا هاوبەشە. لە بابەتی خاوەندارێتی ئیرادە و بیركردنەوەدا لەوان جیاوازە. ئەم بیركردنەوە و دەبێت هێزی داهێنان و هونەری پێدەبەخشێت. بۆیە ئەو كارەی مرۆڤ بە ئەنجام دەگەیەنێت، بە سێ تایبەتمەندی جیا دەكرێتەوە: زانین، ئیرادە - خوڵقاندن – داهێنان[٣٦].

**تەوەرەی دووەم / ماناو تایبەتمەندی و شارستانیەت لەسەردەمی ئیسلامی**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ پێشەكەوتن و بنیاتنانی كۆمەڵگاكان بووە بە درێژایی مێژوو، هانی مرۆڤایەتی داوە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ژیانی خۆیان بۆ بونیاتنانی شارستانیەتێكی گەشەسەندوو كە بگونجێت لەگەڵ شەرع و بنەماكانی ئاینی ئیسلام. بەو پێیەش شارستانیەتی ئیسلامی (الحضارة الاسلامیة) برتییە لە شارستانیەتی ئیسلام واتا ئەو شارستانیەتەی كە فكری ئیسلامی لەسەر بونیاتنراوەو دروستكراوە.[٣٧] لە شارستانی و ژیاری ئیسلامی دەستەواژەی (المدنیة) بەكار لەبری زازوەی (Civilization) ئەورویی بەكار دەهێنین كە بە واتای نیشتەجێبوون لە شاردا و دام و دەزگاو دامەزراوە و ئاوەدانی و ئاوەدانكردنەوەو سیستمی فەرمانڕەوایی دێت هەرچی (ژیارە)هەموو ڕوو دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی و هەڵگری مۆركی مادیی و زانستی و تەكنیكی ناو كۆمەڵگا دەگرێتەوە بێجگە لەمە ر قۆناغێكی زۆر گەشەسەندووی پێشكەوتووی مرۆڤایەتییە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە (شارستانی / المدنیة ) قۆناغێكی ڕێخۆشكەرە بۆ دامەزراندی ژیاری ئیسلامی لەم ڕوانگەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ نیشتەجێبوونیدا ناوی (یثریب)ی گۆڕی بۆ مەدینە بە هیچ شێوەیەك وشەی یەثریی بەكار نەدەهێنا هۆكاری ئەم پێداگیریەش بۆ سروشتی شاریبوون دەگەڕێتەوە كە زۆر جیاوازە لە سروستی لادێ. [٣٨]. لە ڕووی مێژوویەوە دەتوانرێت باس لەو گۆڕانكاریانە بكرێت كە بەهۆی هاتنی ئیسلام بە تایبەتی بە كۆچی (هیجرە)ی پێغەمبەر محمد (ﷺ)لە مەككەوە بۆ مەدینە ناوی شاری (یەثریب)ی گۆڕی بۆ مەدینە جگە لەوەش گۆڕانكارییەكانی ئەنجامدا لەسەر بنەمای پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەبری پەیوەندییە خێڵەكییەكان، لەسەر بنەمای بیرۆكەیەك كە بیرۆكەی ئایینی برایەتی كە كەسانی جیاوازی لە پێگەیەكی كۆمەڵایەتی جیاوازەوە كۆكردەوەو گروپە نەتەوەییە جیاوازەكان بۆ پێكهێنانی كولتوری جیاواز خەڵك لە بەدەوینەوە، بتپەرستی خێڵەكی بۆ ناو كولتوورێكی ئیسلامی بیرۆكەی مەدەنی، كە بووە هۆی هاتنە ژوورەوە بۆ ناو پرۆسەی شارستانیەتی نوێ و بوونێكی شارستانی نوێ بە واتایەكی تر شار خاڵی دەستپێكی هەر پرۆسەیەكی شارستانییە و لە نێوانیاندا ئارگیومێنت هەیە شوێنەوارناسان، پێش مێژوونووسان، مێژوونووسانی كۆن و كۆمەڵناسان لەسەر سەرچاوەی شارستانیەت و. شوێنی شارەكان لەناو پرۆسەی شارستانییدا. بەم شێوەیە پێغەمبەر (ﷺ)، وەك دامەزرێنەری

کۆمەڵگایەکی نوێ و شارستانیەتێکی نوێ درکی بەوە کرد کە دەبێت هەندێک گەشەسەندنی کۆمەڵگەی شارستانی هەبێت لە ڕووی کولتوورییەوە دیارە کە چەمکی شار وەک ئاماژەیەک بۆ شێوازێکی ژیانی جیاکراوە بە درێژایی مێژوو لە جیهانی موسڵمانان لە دامەزراندنی مەدینەوە بەردەستە. بۆ نمونە دەتوانین باسی دامەزراندنی شاری کوفە، بەسرە، دیمەشق، بەغدا، قاهیرە و بوخارا و شارەکانی تری جیهانی موسڵمانان، بۆ ئەوەی ئەم شارانە بنکەی دانیشتوانی شارستانی بن ژیان جگە لەوەش ئەوەش ڕوونە کە زۆرێک لە نەریتە ئیسلامییەکان لەسەر شارەکە (مەدینە) لەگەڵ خۆیدا چڕبوونەتەوە مزگەوت و حەمام و بازاڕەکان وەک ئەو شوێنەی کە ژیانێکی پەرستراو تێیدا بەدەست بهێنرێت[٣٩]. شارستانیەتی ئیسلامیش دوو جۆرە جۆری یەکەم: شارستانیەتێکی ئیسلامی ڕەسەن، کە بە شارستانیەتی خوڵقاندن و داهێنانیش ناودەبرێت. ئیسلام تاکە سەرچاوەی بووە و بۆ یەکەمجار جیهان لە ڕێگەی ئیسلامەوە ناسیویەتی.جۆری دووەم: شارستانیەتێک کە موسڵمانان لە کایەی زانستە ئەزموونییەکان پەرەیان پێدا، باشترکردنی ئەو شتانەی کە بیری مرۆڤ پێشتر زانیبووی ئەمەش پێی دەوترێت شارستانیەتی بوژانەوە و نوێبوونەوە[٤٠]. ڕۆڵی ئیسلام لە هەموو قۆناغەکان دیارە لە پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی سەید قطب باسی شارستانیەتی ئیسلامی دەڵێ ( پێویستە لەوە ئاگادارین کە مانای شارستانیەتی ئیسلامی چیە ئەوەش ئەو بەهایانە دەگرێتەوە کە ئیسلام دیاریکردوون نەك تەنیا پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری و زانستی دابڕاو لە بەهاکان هەروەها دەڵێ دەکرێ شارستانیەتی ئیسلامی چەند شێوازێکی جۆراوجۆری بۆ پێکهاتەی ماددی و شێوازەکە هەبێت، بەڵام ئەو بنچینە و بنەما و بەهایانەی لەسەری بنیات نراوە بە بەردەوامی دەمێننەوە و نەگۆڕن، چونکە ئەوان بناغەکانی ئەم شارستانییەن وەکو بەنداەیتی بۆ خواو یەکگرتوویی لەسەر بنەمای بەستنەوەی ئیمان و بەرزکردنەوەی سروشتی مرۆڤ لە سەرووی ماتریالیزمەوە و باڵادەستی بەها مرۆییەکان کە مرۆڤایەتی ئادەمیزاد دەچەسپێنن نەک ئاژەڵایەتی و پیرۆزی خێزان ڕێزگرتنی و مەرجی خواو حوکمکردن تەنیا بە بەرنامەو و شەرعی خوا لە کاروباری ئەو جێنشینیەدا[٤١].

ئاینی ئیسلام بە بەردەوامی هانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی داوە کە ڕۆڵی خۆی وەک جێگری خودا لەسەر زەوی بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ دەکات بە تەرخانکردنی پەرستنی خۆی تەنها بۆ خودا و ڕزگارکردنی خۆی لە کۆیلایەتی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی تەنها بە یاسای خودا و ڕەتکردنەوەی حوکمڕانی هەر یاسایەکی تر بەپێی ئەو بەها و ئەخلاقیانەی کە خودا هەیەتی دەستنیشانکردن و ڕەتکردنەوەی بەها و ئەخلاقی ساختە، پاشان دوای هەموو ئەمانە بە تێگەیشتن لەو یاسا گەردوونیانەی کە خودا لەم گەردوونە فیزیکیەدا داناوە و بەکارهێنانیان بۆ باشترکردنی ژیان بۆ دەرهێنانی سەرچاوە و ڕزقی زەوی، هەروەها بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاو، دامەزراندنی پیشەسازیی هەمەچەشن کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئەو شارەزاییە تەکنیکییەی کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بەدەستی هێناوە کاتێک هەموو ئەمانە دەکات دەبێتە بەندەیەکی ڕاستەقینەی خودا وە بەجێگەیاندنی ڕۆڵی خۆی بەم شێوەیە مرۆڤایەتی دەگاتە لوتکەی شارستانیەت[٤٢].

قورئانی پیرۆزیش لە چەندین ئایەت ئاماژەی بە ڕۆڵی مرۆڤ لە بیناتنانی شارستانیەت داوە کە بەردەوام لەسەر زەوی کاری چاکە بکات لە پێناو بەرەو پێشبردنی کاروباری ژیانی و بەدەستانی هێنانی زانست و زانیاری بۆ مەبەستی گەشەسەندنی کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانیەت و کلتوور. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی بەقەر دەفەرموێت ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ واتا باسی ئەوە بکە کە خوای گەورە فەرمووی بە فریشتەکان من دەمەوێ لەسەر ڕووی زەوی جێنشینێك بۆخۆم دروست بکەم[٤٣].

قورئانی پیرۆز هەر لەسەرەتاوە لە لەسەر ژمارەکی دیاریکراو و تایبەت وەسف و ئاماژەی دەربارەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئاراستەکردنی بەرەو ڕووناکی و دوورکەوتنەوە لە جەهل و نەزانین ڕووکردنە شارستانیەت (civilization)و ئاوادانی (urbanization) کردووە لەگەڵ گەڕان بە دوای زانست و زانیاری (knowledge)، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەو ئایەتانە ڕاستەوخۆ یان بە هێماو ئاماژەی گشتی باسی بنیاتنانی شارو و شارستانیەت و ئاوەدانی و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و لایەنی کۆمەلایەتی و بازرگانی و گەشەسەدنی عەقڵی مرۆڤایەتی دەکەن کە ئەمانەش کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە پێگەو پێشخستنی لایەنی شارستانیەت. لەگەڵ قورئانی پیرۆز و چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) هەیە دەربارەی هاندانی خەڵکی بۆ زانست و زانیاری و دروستکردنی شارستانیەت و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و کشتوکاڵ و بیناسازی وبونیاتنانی شار و دەرهێنانی مرۆڤایەتی لە تاریکی و دواکەوتوویەوە بو ڕووناکی وپێشکەوتن و ئاوەدانی . بۆ نمونە ئاینی ئیسلام بە تایبەت قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی سەروەرمان لە چەند لایەنێکەوە کار دەکاتە شارستانی ئیسلامی لەوانە:

**١- لایەنی بیرو باوەڕ بیرکردنەوەی مرۆڤ :** ئەوەش دیارترین گۆڕانکاری بوو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، وەك بناغەیەك بوو بۆ بونیاتنانی سەرجەم گۆڕانکارییەکان ، لەبەر ئەوەی هیچ ئایدۆلۆژیایەك و بیرکردنەوەیەك نیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا عەقڵی ئازاد کردبیت و لە شوێنی خۆی بەگەڕی خستبێت وەك ئەوەی ئیسلام کردوویەتی، گۆڕینی ڕووگەو بیرکردتەوەی مرۆڤایەتی لە هەمەخوایی بت پەرستی و بۆ یەکتاپەرستی و بەندایەتی بۆ خوای تاك و تەنها، دواتر ئەمانە مرۆڤی ئاڕاستە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەروبەرو بەرو ماهیەتی شتەکان بە متمانەوە جێدەستی دیار بێت بەسەر هەستپێکراوەکاندا[٤٤].بیرکردنەوەی عاقڵانی لە شارستانی ئیسلامی گرنگییەکی زۆری پێدراوە چونکە شارستانی ئیسلامی لەسەر ژیری و هۆشیاری بنیادنراوە قورئان بەردەوام مرۆڤ بانگهێشت دەکات بۆ بیرکردنەوەو پەروەردەکردنی تاکی هۆشیارو بیرمەند وەکو لە زۆر ئایەت دەستەواژەی(تَعْقِلُونَ) بۆ بیرناکەنەوە بەکاردێت وەك ئەم ئایەتە دەفەرموێت.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾هیچ شارستایەتێك بەبێ هەوڵی کاری مرۆڤ بەدی نایەت ئەوەش بنچینەی پاراست و مانەوەی شارستانیەتی ئیسلامە[٤٥]. خوای گەورەش لە سورەتی النجم ئاماژەی پێداوەو دەفەرموێت ﴿وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾واتا کەس هیچی دەست ناکەوێت تەنها کارو بەرهەمی خۆی نەبێت[٤٦].چەمکی شارستانییەت لە فیکری ئیبن خەلدوندا چەمکێکی سادە نییە، بەڵکو چەمکێکی ئاڵۆزە کە ئاستی جیاواز پێناسەی دەکات. ئەم چەمکە پەیوەستە بە کۆمەڵێک بابەتی ئەرێنی و نەرێنییەوە. لایەنە ئەرێنییەکان ئەوانەن کە گوزارشت لە سیفەتە سروشتییەکانی وەک بەڕێوەبردن و شارنشینی و قازانج و شارستانیەت دەکەن، لایەنە نەرێنییەکان ئەوانەن وەک دژایەتی و وێرانکاری و گەندەڵی و لوکس و هتد. ئیبن خالدون لە ڕوونکردنەوەی چەمکی شارستانییەتدا باسی لە سێ جۆر کۆبوونەوەی مرۆیی کرد کە بریتین لە سروشتی، کۆچەری و شارستانی و بە پێوەندی نزیکەی پێویستەوە گرێدایەوە کە بە پێشینەیان دیاری دەکرێت ئیبن خلدون پێکهێنانی بناغەی یەکەم بۆ بنیاتنانی زانستی شارستانیەت. یەکەم هەنگاوەکانی گەیشتن بەم کارە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی ئەولەویەتانەی کە ئەم زانستە لەسەری بنیات نراوە، لەوانە مرۆڤ لە سروشتدا بوونێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستە، بەو پێیەی خودای گەورە ئەو کەسەیە کە ئەو یاسایانەی دیاری کردووە کە ژیانی مرۆڤ بەڕێوەدەبەن ،ئیبن خالدون ئاماژەی بە پرەنسیپێکی ناسراوی حەکیم و فەیلەسوفەکانی پێش

خۆی کرد: کە مرۆڤ بە سروشت بوونێکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگەی مرۆڤیش پێویستە. ئەمەی لە ڕێگەی ئەو مەیلە زگماکییەوە ڕوونکردەوە کە خودا مرۆڤی پێ دروست کردووە، کە یەکێک لە بنەماکانی پێویستی خۆراکە و لە ڕێگەی ڕۆڵی مرۆڤ لە ژێرەوە[٤٧]
قورئانی پیرۆز سەبارەت بەم گۆڕانکارییە فەرموویەتی ﴿ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ ﴾[٤٨].سوننەت لە قۆناغی سەرەتایی بە ئامادەبوونی خودی پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەرانیش لە ئاست خۆیانەوە بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتن و شارستانیەت و بەرهەم هێنانی مرۆڤی بەرهەمدار بوون، بەهێز بوونی پایەکانی شارستانیەت لەسەر ڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە وەستاوە ، سوننەتیش یەکێکە لەسەرچاوەکانی ڕۆشنبیری و شارستانی ئیسلامی دادەنرێت و دەبێتە مەنهەج و ڕێبازێکی بۆ بونیات نانی شارستانیەت، بەردەم هانی مرۆڤی داوە کە بەهێز بێت و تەمەڵ نەبێت بەو کارانەی لە ئەستۆیدان لە فەرمودەیەکی پێشەوای مرۆڤایەتی ئاماژە دەکات بەوەی کە بەردەوام خوای گەورە و ئاین و سونەتیش مرۆڤی خاوەن فیکرو بەهێزی خۆشەویسترە لای خوا وەك لە مرۆڤی لاواز و بێ بەرهەم. بۆیە دەفەرمووێت ﴿الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وفِي كُلٍّ خَيْرٌ، احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، واسْتَعِنْ بِاللَّهِ، ولَا تَعْجَزْ، وإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ: لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَذَا كَانَ كَذَا وكَذَا، ولَكِنْ قُلْ: قَدَّرَ اللَّهُ، ومَا شَاءَ الله فَعَلَ؛ فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ﴾ واتە باوەڕداری بە هێز چاکترو خۆشەویسترە لای خودای گەورە لە باوەڕداری لاواز، لە هەردووکیشاندا چاکەو خێر هەیە، سووربە لەسەر ئەوەی کە سوودو قازانجی بۆت هەیە و بێ توانا مەبە، ئەگەر شتێکیشت لێهات و کارێکت تووش هات مەڵێ ئەگەر من ئەوەو ئەوەم بکردایە ئەوا بەو شێوەیە و بەو شێوەیە دەبوو ، بەڵکو بڵێ خوا ئەندازەگیری کردووە هەرچیشی بوێت دەیکات چونکە وشەی ئەگەر دەرگای شەیتان دەکاتەوە[٤٩].
گۆڕانکاری لە بیروباوەڕ و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ یەکێکە لە بنەماکانی شارستانی ئیسلام، هەر کۆمەڵگایەکیش خۆی هەوڵی گۆڕانکاری نەدات لە کاروانی شارستانی دواکەوێت وەك چۆن لەم سورەتی الرعد بە قورئانی پیرۆز بە ڕوونی ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە کردووە دەفەرموێت﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾[٥٠].سەرەتای هەموو گۆڕانکارییەك لە بیرکردنەوەی ئەرێنی خۆمانەوە دەست پێدەکات بۆ بەرەو پێشچوون وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرموێت ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا﴾ واتە سوێند بە هەموو ئەوانە ئەو کەسەی خۆی پاك دەکاتەوە لە سیفاتی خراپ و ناشیرین ڕزگاری دەبێت[٥١]. هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) (أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ).

٢- **لایەنی زانست وزانیاری :** گۆڕانکارییەکی تر لە شارستانی ئیسلام وەرچەرخانی زانستی بوو لە نێوەجەرگەی کۆمەڵگا ئەنجامدرا لە پێناو ڕێخستنەویەکی نوێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەردا مامەڵە بکات، لەسەرەتای دروست بوونی یەکەم ئادەمیزاد کە پێغەمبەر ئادەمە سەلامی خوای لێبێت خوای گەورە مرۆڤی فێرکرد کە پەی بۆ شتەکان ببات و زانستخواز بێت کە ئادەمیشی دروست کرد تواناو زانستی پێدا کە هەرچی شت هەیە بیزانێت لە دەوروبەری بۆیە خوای گەورە لە سورەتی بەقەرە دەفەرموێت ﴿ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَـٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُواْ سُبۡحَـٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ﴿٣٣﴾﴾[٥٢].

لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە ئادەمی هەڵبژاردبوو بۆ جێهێشتنی خۆی ناوی هەموو شتە پێویستەکانی فێرکرد تواناو لێهاتوویی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد لەمەودا بە فریشتەکانی فەرموو ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست ئەکەن و توانای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە[٥٣].

ئیسلام بەردەوام هانی کۆمەڵگاکانی داوە بەردەوام بەدوای زانست و زانیاری و بەڵگەکاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی دڵنیا ببەنەوە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئازیز چەند پەرۆشن بۆ زانین و ڕێڕەوی شارستانی، وەك دەبینین یەکەم سورەتی قورئانی پیرۆز کەلە مەککەوە دابەزی باسی خوێندن و زانیاری دەکات دەفەرموێت فەرموویەتی ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ۝٣ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ۝٥ ﴾[٥٤]. لێرەوە دەبینین کە خوای گەورە چۆن داوا لە پێغەمبەرەکەی دەکات بخوێنێت بەناوی ئەو خوایەی کە دروستکراوی هەر دروستکراوێك کاری ئەوە، کە ئادەمیزادی لە پارچەیەك خوێن دروست کردووە، بخوێنەو خوای تۆ لە هەموو بەخشندەیەك بەخشندەترە یا بەخشندەی تاقانەیە، ئەو خوایەیەی کە ئادەمیزادی بەهۆی قەڵەمەوە فێری خوێندن کردووە، مرۆڤی فێری ئەوشتانە کرد کە پێشتر نەیزانیوە[٥٥] لە قورئان بە ئاشکرا باسی ئەو کەس و کۆمەڵگایانە کراوە کە هەوڵ دەدەن زانست و زانیاری بەدەست بێنن ببە کەسی بە سوود بۆ کۆمەڵگا ئەوانە جیاوازن لە کۆمەڵگەیەك کە هیچ کارو هەنگاوەێ:ی کردەیی نانێن بۆ ئاوەدانی و کاری باش و بەدەستهێنانی زانیاری خوای گەورە لە سورەتی غافر دەفەرموێت ﴿ وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴾ هەرگیز کوێرو چاوساغ وەك یەك نابن ئەوانەش کە ئیمانیان هێناوە و چاکەیان کردووە لەگەڵ خراپەکاران وەك نین، ئێوە ئەی خەلکینە کەمتر بیر ئەکەنەوە. [٥٦].

خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکرد سەرەتا هیچی نەدەزانی، بەڵام دواتر هەستەکانی پێبەخشی بیری کردەوە وەك لە سورەتی النحل دەفەرموێت ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ خوای گەورە کە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێنا هیچتان نەدەزانی بینین و بیستن و دڵی پێداون بەڵکو سوپاسگوزار بن[٥٧].لێرەدا باسی بیستن و بینین و دڵ کراوە چونکە ئەوانە دەروازەی وەرگرتنی زانیارین بۆ مرۆڤ. بەهۆی ئەمانەشەوە بونیادی شارستانیەتەکان دروست دەبن. لە ئایەتێکی تر دەفەرموێت ﴿ أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾[٥٨]. هەروەها دەفەرموێت ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾[٥٩].

ئەم ئایەتە پیرۆزانە پێمان دەڵێن کەسانێك کە بیردەکەنەوە و زانان وەك کەسانێ نین کە بیرناکەنەوە تەمەڵن نەزانن، تەنیا کەسانێکیش بیردەکەنەوە کە خاوەن عەقڵ و هۆش و بیرن، بەرئەنجامە قورئانییەکان پێمان ئەڵێن کە قورئان و زانست تەواوکەری یەکترن و شارستانیەتی ئیسلامیش بەشێکی گرنگە لەو پاڵپشتیە مەعنەوەیەی کە قورئان باسی ئەکات هەر لە بەرهەم هێنانی مرۆڤێکی خاوەن بیرو شارستانی و بەدەستهێنانی زانیست و زانیاری و بونیاتنانی شارو ئاوەدانی و کارچاك و کردەوەی باش لەپێناو داهاتوویەکی گەش و بیناتنانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن شارستانی و کلتوور و بەهاو ڕەوشتی جوانی ئیسلامەتی.من پێغەمبەری سەروەر (ﷺ) داوای زانست و زانیاردەکات ڕێکای زانست بگرینەبەر دەفەرموێت (من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهّل الله له به طريقاً إلى الجنة) واتە هەرکەسێک ڕێگایەک بگرێتە بەر کە بەدوای زانستدا دەگەڕێت، خودا ڕێگایەکی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات[٦٠].

هەتا ئەوانەی کە زاناو شارەزان لای خوای گەورە پلەو پێگەیان جیاوازە هەروەك خوای گەورە لە سورەتی المجادلة دەفەرموێت﴿ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە نێوانتان و ئەوانەی زانستیان پێدراوە، بە پلە پلە بەرز دەکاتەوە وە خوا ئاگادارە لەوەی کە ئێوە دەیکەن. واتاکە ئەوەیە کە خوای گەورە کە بەرزە، ئیمانداران و زانایان بە چەندین پلە لە پاداشت و پێگە بەرز دەکاتەوە لە نێوانیاندا، چونکە ئیمان و کردەوە چاکەکان لەگەڵ زانستدا تێکەڵ دەکەن خوای گەورە زانایە لە کارەکانیان و بەو پێیە پاداشتیان دەداتەوە[٦١]. لە سورەتی طه داوای زانست لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکات پێش هەمو کارێك داوای زیادکردنی زانست بکە و دەفەرموێت ﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾[٦٢].

**٣- لایەنی ئاوەدانی و بیناتنانی شار:** لێرەدا چەند ئایەتێکی قورئانی بە نمونە باس دەکەین کە هانی مرۆڤایەتی دەدات کە گرنگی بە ئاوەدانی و پاراستنی بەهاو کلتوور و شارستانی خۆیان بدەن. هەروەها ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست تا بتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە بەرەو پێشبردنی ژیان و مرۆڤێکی بە بەرهەم و شارستانی بێت یەکێك لەو ئایەتە پیرۆزانە کە خوای گەورە لە سورەتی (طه) دەفەرمووێت﴿ قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى ﴾کاتێ پێغەمبەر موسا لە وەڵامی فیرعەون کە وتی خوای ئێوە کێیە حەزرەتی موسا وتی خوای گەورە ئەو زاتەیە کە هەموو بونەوەرێکی دروست کردووە و سیفەتی بوونی داوەتێ و ڕێگای پیشانداوە چۆن خۆی بەڕێوەببات، هەر لەو کاتەوە قورئانی پیرۆز باسی دروستکردنی گەردوونی لەلایەن خوای گەورەوە بە گرنگ زانیوە[٦٣].

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە لە ڕێگەی پێغەمبەری ئیسلامەوە ڕێنموونی و هانی مرۆڤ دەدات بۆ سەر ڕێگای راست و دوورکەوتنەوە لە وێرانکاری و خراپەکای زەوی هەر کاتێکیش مرۆڤ هیدایەت درا بۆ سەر ڕێگای ڕاست ئەوکاتە دەبێتە مرۆڤێکی داهێنەرو دروستکار لە کاری باش و بنیاتنان بۆ خوای گەورە زۆر بەجوانی باسی ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست هەر وەك لە سورەتی نور دەفەرموێت ﴿لَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ ۚ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[٦٤].خوای گەورە لە سورەتی هودا بە جوانی باسی ئاوەنداکردنەوەی زەوی دەکات و دەفەرمووێت ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأرض وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾مانای ئەوەیە کە خودای گەورە مرۆڤی لە زەوی دروست کردووە و کردوویەتی بە جێنشین. ئەمە لێکدانەوەکەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خودا ئادەمی لە زەویەوە دروست کردووە و لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بووە و هێزی پێداوە، ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێت لە خۆڵ و زەوی دروست بووە، دوای ئەویش لە هەمان توخم و پێکهاتەکانی زەوی دروست بووە لەوێدا نیشتەجێی کردوون، توانای چاندنی و بیناکردنی لەسەر و چاندنی بەرهەمی پێبەخشیون ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤایەتی بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی زەوی و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی پێ سپێردراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی[٦٥].چەندین ئایەتی ترمان هەیە لە قورئانی پیرۆز کە باسی ئەرك و فرمانی مرۆڤ دەکات لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی لە دونیا وە سود وەرگرتن لەو هەموو شتانەی کەلە زەویدا خەلق کراون هەموویان بۆ سودو خێرو قازانجی ئادەمیزاد دروست کراون بۆ بەڕێوبردنی ژیانی ڕۆژنەی خۆیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ئەوەش بناغەو پەیامی گشت پێغەمبەران بووە، بە تێپەڕبوونی کات شارستانی جیاواز پەیدا بوون و لەناوچوون سەردەمانێکی جیاواز لە بیناتنان و داڕمان هاتنە کایەوە هەر لە بەرپاکردنی دادوەری تا بڵاوکردنەوەی ستەمکاری ئەمەش بەردەوام تا ئەو کاتەی کە دواهەمین پەیامی ئاسمانی بۆ دواهەمین پێغەمبەری ئیسلام نێدرا، پێغەمبەری سەروەرمان

(ﷺ) یەکەم کاری بۆ بنیاتنانی شارستانی ئیسلامی دانا لەسەر بناغەی دادپەروەری و ئازادیی بیروڕا ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی و کۆتی بەندایەتی بۆ برا مرۆڤەکەی خۆی بەرەو بەندایەتی بۆ خوای گەورە تاك و تەنیا[٦٦].

هەر لە باسی بونتاتنان و دروستکردنی شاردا خوای گەورە لە سورەتی النحل دەفەرموێت﴿ وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّن بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ ۙ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾[٦٧]. واتا هەر خوای گەورە هەموو شتێکی بۆ ڕەخساندوون تا ماڵ و خانوبەرە بۆ خۆتان دروست بکەن ماڵەکانتانی بۆ کردوون بە شوێنی ئارامگرتن و حەوانەوە، لە پێست و مووی ئاژەڵەکانیش دەتوانن شوێن و جێگا بۆ خۆتان بسازێنن، پاشان بە ئاسانی بیگوازنەوە لە کاتی کۆچ کردنتان وە بە ئاسانی هەڵی بدەن لە کاتی نیشتەجێبوونتان لە خوری مەڕ و کورکی حوشترو مووی بزنیش دەتوانن کەل و پەل و شتومەك بۆ خۆتان دروست بکەن تا ماوەیەك سوودی لێوەربگرن، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە گرنگی بنیات نانی شارستانیەت و ئاوەدانکردنەوەی زەوی لە لایەن خوای گەورەوە[٦٨].

**٤- لە بواری جێماوی دێرین و شوێنەواری گەلان:** شارستانیەتی ئیسلام کەسەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە بە ڕوونی باسی پاشماوەی ئەو گەل و هۆزو نەتەوانەی پێشوو دەکات بۆمان کە ڕۆژانێك خاوەنی شارستانی چەندین پاشماوەو جێماوی دێرینیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتووە، وشەی (آثار) لە قورئانی پیرۆزدا بە چەندین مانا هاتووە لەوانە وەک مانای نیشانە، ماوە، پاشماوەی شتێك یان بەڵگەی مێژوویی و شوێنەواری، شوێنەواری گەلانی ڕابردوو لەسەر زەوی، شوێنەواری پێغەمبەران (وەک شوێنەواری پێغەمبەر)، شوێنەواری دونیای و ماددی وەک شوێنەواری سەر زەوی، هەروەها ئەو کردەوە یان هەنگاوانەی کە کەسێک بەجێی هێشتووە کە ئەوانی تر شوێنیان بکەون. قورئان داوای تێڕامان لەم شوێنەوارانە دەکات بۆ فێربوون و وانە وەرگرتن،لە قورئانی پیرۆز (٢١) جار بەشێوەی وشەی (أثر، آثار، أثرهم، آثاره) هاتوو، وشەی (آثار) بە شێوەی کۆمەڵ (٥)جار هاتووە. هەروەک لە سورەتی الرومدا ئاماژەی پێکراوە دەفەرموێت ﴿فَانظُرْ إِلَىٰ **آثَارِ** رَحْمَتِ اللَّهِ كَيْفَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾سەیری شوێنەوارەکانی ڕەحمەتی خودا بکە، چۆن زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردن[٦٩].

ئەمانەش بونەتە جێماوێکی شوێنەواری و شارستانیەتێکی گرنگ بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بۆ نمونە گەلی عاد و ثەمود و لوط و فرعەون و بەنی ئیسرائیل لە وڵاتی میصر و مەدائن لە عێراق هەموو گەل و نەتەوەکان ژیانێکی سەرەتایی و شارستانیەتێکی تۆکمەیان بونیاد نەناوە چونکە بەشێکی زۆریان لەسەر ئاینی کۆنی باوباپیریان بوون و باوەڕیان بە بت پەرستی و خۆرپەرستی بوو، بە تێپەڕبوونی کات هەموو ئەمانە بوونە نمونەیەك لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو پاشماوەو جێماوە شوێنەواری و شوێنانەی کە هەندێ لە قورئاندا خوای گەورە ئاماژەی پێکردوون بیری هەموومان دەخاتەوە کە ئەوانەی پێش ئێمە چۆن و چەند ژیان. وە چۆن کاریگەریان کردووەتە سەر زەوی و چ شارستانیەتێکیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت، وەك خوای گەروە بە ڕوونی لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿قل سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلُ كانَ أكثَرَهُمُ مشركينَ ﴾ بگەڕێن بە زەویدا بزانن ئەنجامی ئەوانە چۆن بوو کە بەر لە ئێوە هەبوون بەشی زۆریان هاوبەشیان بۆ خوا دائەنا بزانن خوای گەورە لە تۆڵەی ئەو هاوبەش بۆدانانە بە چ دەردێکی بردن[٧٠]. لە باسی پاشماوەو شوێنەوارەکانیان خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾ ئەوەی پێشتر کردوویان و شوێنەوارەکانیان تۆمار

دەکەین(٧١).هەروەها ئەفەرموێت ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ﴾ کە مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزەش سەیرکردن و بینی شوێنەوارو بەڵگەکانی گەلانی پێشووترە(٧٢).

لەچەندین ئایەتی تر خوای گەورە بۆمان روون دەکاتەوە کە شوێنەوار و شوێنی گەلانی پێشتر چۆن هەندێکیان بونەتە شوێنەوارێکی گرنگ و شارستانیەتێکی جیهانی، وەك شوێنی کەشتی نوح کە بووەتە مۆرکێکی شارستانی لە دونیا قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەم رووداوە مێژووییە داوە وەك دەفەرموێت ﴿وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ * وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾(٧٣). کاتێك کەشتەکە لەسەر چیای جودی وەستایەوە ئیدی مرۆڤایەتی دەستی کرد بە بونیادنان و درستکردنەوەی ژیان زانایان ئەم رووداوە بە (٧بۆ١١) هەزارساڵ پێش ئەو تۆفانە مەزندە دەکەن(٧٤) یان دەفەرموێت ﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾ واتا ئاخۆ نەیاندیوە چەندین وەچەمان بەر لەوان لەناوبردووە هیچ یەکێك لەو هۆزو وەچانە ناگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان(٧٥).هەر لە باسی شوێنەواری لەناوچووی ئەوانەی پێش چەندین سەدە شارستانیەتیان لەناوچووە خوای گەورە لە سورەتی عەنکەبوت دەفەرموێت ﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ﴾(٧٦).

واتە ئایا نەیانبینیوە و نەیانزانیوە بەهۆی (شوێنەوارەوە) چەندەها نەوەمان پێش ئەمان لەناوبردووە کە پایەدارمان کردبوون لەسەر زەوی، بە شێوەیەك ئێوەمان وا پایەدار نەکردبووەو بارانی زۆرمان بەردەوام بۆ دەباراند دە دەبووە هۆی پێگەشتنی چەندەها ڕووەك و بەروبووم چەندەها جۆگەو ڕووباریشمان لەناو کێڵگەو باخ و شارەکاندا بۆ ڕەخساندبوو، بەڵام بەهۆی لادان و تاوان گوناهەوە لەناوبردن و هی ترمان هێنایە کایەوە(٧٧). لە ئایەتێکی تر دەفەرموێت﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ ﴾ لێرەش خوای گەورە بە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمان ئەکات دەفەرموێت ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ بڕۆن بە زەویدا بسوڕێنەوە و بگەڕێن ببینن سەرئەنجامی ئەو تاوانکارە چۆن بووە خوا چۆن تۆڵەی لێکردونەتەوە نغرۆی کردوون(٧٨).هەروەها دەفەرموێت ﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ۚ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە ئەی محمد بەو خەڵکە بڵێ بڕۆن بە زاویدا بگەڕێن و سەیر بکەن بزانن خوا چۆن دەستی کرد بە دروستکردنی خەڵك و داروبەرد و گژوگیاو گیانلەبەران و شاخ و کێودەشت و ڕووبار و دەریا، پاشانیش لە دونیا سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ(٧٩). هەروەها لە سورەتی محمد خوای گەورە بە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا﴾ئایا ئەمانە نەگەڕاون بە زەویدا بۆ ئەوەی سەیر بکەن و سەرئەنجامی ئەو کەسانە چۆن بووە کەلە پێش ئەواندا بوون خوای گەورە ماڵەکانی بەسەردا رووخان و کاولی کرد، بۆ کافرانی کەلە چەشنی ئەوانیش لەم چەرخە هەیە چەند قاتێك لە وێنەی ئەو ماڵوێرانیە هەیە(٨٠).

هەروەها دەفەرموێت ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۚ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ ۚ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا﴾ ئایا ئەمانە بەسەر زەویدا نەگەڕاون تا سەیر بکەن و سەرەنجامی میللەتە لە خوایاخی و بێباوەڕەکانی پێش خۆیان چۆن بووە کەلەمانیش بەهێزترو بەتواناتربوون چ لە ڕووی دارایی چ لە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

ڕووی چەك و سەربازی و لە ڕووی زۆری ژمارەوە، بەڵام خوا قەت لەوانە نەبووە شتێ هەبێت و پێینەکرێت و دەسەڵاتی بەسەریدا نەشکێت نە لە ئاسمانەکان و نەلە وەیدا، بەڕاستی خوا بە هەموو شتێك ئەزانێت و هەموو کارێك ئەتوانێت[٨١] .هەروەها لە سورەتی العمرانیش خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾واتا لە پێش گەلانی لە شێوەی ئێوە گەلێ ڕوداو قەوماوە و گەلێك تۆڵەی سەخت لەو کۆمەڵانە سەنراوە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) ئیمانیان پێنەهێناوە بڕۆن بگەڕێن بەوردی سەیربکەن بۆتان دەرکەوێت ئەنجامی ئەو بەدکارانە چۆن بوو[٨٢] لەناوچوونی ئەو هەموو شارستانیەتانە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداون بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ لە دروستکردنیەوە هەتا ئێستا هەوڵی داوە شوناس و مێژوو شوێنەوارو نەخش و نیگارو بیناسازی و ئاوەدانی و جێدەستی خۆی لەسەر زەوی بنەخشێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت برەو بە تواناو هێزو دەسەڵات و شارستانیەتی خۆی بدات ئەوەتا قورئانی پیرۆز باسی شێوازی ئەو خانووانە دەکات کەلە شاخەکاندا مرۆڤ توانیویەتی شوێنەوارو شارستانی خۆی بە شێوازێکی هەندەسی بەجێبهێڵێت وەك لە سورەتی شعراء خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ﴾ واتا زیرەکانە بە چالاکی خانوو لە شاخەکان دائەتاشن. ئەمەش واتای پێشکەوتن و گرنگی هونەری ئەندازیاری و بیناسازی بەکارهێنانی سروشتی شوێنەکان لەلایەن مرۆڤ و لەباربوونی ژینگەی شوێن و گونجاند\نی بۆ مەبەستی دروستکردنی خانوو و قەڵاو کۆشك و هەر بیناسازییەك کە خۆیان ویستوویانە بنیادی بنێن بە پشت بەستن بەو ئایەتە پیرۆزە [٨٣] .

هەر لە باسی شار و شارستانیەتەکانی پێشتر کە لەناو چوون خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت ﴿كَمۡ تَرَكُواْ مِن جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ٢٥ وَزُرُوعٖ وَمَقَامٖ كَرِيمٖ ٢٦ وَنَعۡمَةٖ كَانُواْ فِيهَا فَٰكِهِينَ ٢٧ كَذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَٰهَا قَوۡمًا ءَاخَرِينَ ٢٨﴾ واتا چەندین باخ و باخات و سەرچاوەو کانیاویان لە پاش خۆیان بەجێهێشت وە چەندین کشتوکاڵ و زۆر شوێنی چاك و خۆشیان لە پاش خۆیان بەجێهێشت وە چەندین جۆر نازو نعمەت و مایەی ڕابواردنی دنیایان لە پاش خۆیان بەجێهێشت کە ڕایان ئەبوارد تیایدا، بەو جۆرە دەرمان و پاشماوەکانیانماندا بە میرات دا بە تاقمێکی تر،یەکێك لە بنچینەکانی شارستانییەت بریتییە لە ململانێی نێوان مرۆڤ و ئەو سرووشتەی کە تێیدایەتی هەروەها شارستانییەت لەگەڵ ژیانی جێگیر و ئارامدایە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤەکانی نێو ئەو شارستانییەتە، تاوەکو پەرەی زیاتر بدەن هەر بەم جۆرەش بووە کە شارستانییەتەکان یەك لە دوای یەك بە میرات بۆ نەوەکانی دواتر گوازرانەوە، ئەمەش هۆشیارییە بە داروخانی شارستانیەتەکانی پێشوو وە ئاماژەیە بە شارە گەشەسەندووەکانی دوای ئەوان وردبونەوەیە لە هۆکاری کەوتن و لەناوچوونی شارستانیەت [٨٤] . لەگەڵ ئەو هەموو شاکارانەی بە درێژایی مێژوو قورئان ئاماژەی پێداون تا مرۆڤایەتی تێڕامانێت و سەرنج بدات، لەگەڵ ئەوەش خوای گەورە کە زەوی ئاسمانی دروست کرد لەماوەی شەش ڕۆژ ئەمەش یەکەمین بناغەی بینادنان و دروستکرد و شارستانیەتە کە خاوەندارییەکەی  هەر بۆ لای خوای پەروەردگار دەگەڕێتەوە. چونکە خوای گەورە سیفاتی (خالق)ی هەیە بۆیە هەرچی دروست بکات زۆر بەجوانی دروستی دەکات وەك دەفەرموێت ﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾[٨٥] . لەسەر مرۆڤایەتیش پێویستە گرنگی بەو شارستانیەت و جێماوانە بدات کە وەك میرات بۆیان جێماوە بیانپارێزێت لە فەتان و لەناچوون چونکە خوای سیفاتی جوان و جوانکاردە پێی خۆشە مرۆڤەکانیش زەوی ئاوەدان

بکەنەوە چونکە ئەوەی لەسەر زەوییە خوای گەورە جوانکاری زینەتی بۆ کردووە وەك لە سورەتی الكهف دەفەرموێت ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا ﴾[٨٦].

**گرنگی و تایبەت مەندیەکانی شارستانیەتی ئیسلامی :**

شارستانیەتی ئیسلامی کە سەرچاوەکەی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەرە(ﷺ) بە چەند تایبەتمەندییەك دەناسرێتەوە لەگەڵ شارستانیەتکانی تر لێرەدا بە پوختی باسی ئەو تایبەتمەندییانە دەکەین:-

١. **یەکتاپەرستیٚ** (التوحيد) **:** شارستانیەتی ئیسلامی بەوە جیا دەبێتەوە لە شارستانیەتەکانی تر کە شارستانیەتێکی ئیمانە، لە عەقیدەی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت. شارستانیەتێکی یەکتاپەرستییە کە بە باوەڕبوون بە خودای تاك و تەنیا وە دروستکەرو بنیاتنەری ئاسمانەکان و زەوییە یەکەم و دواهەمینە، شاراوە و دەرکەوتوو، دروستکەری مرۆڤایەتی و هەموو دروستکراوەکانی تر. شارستانیەتێکە کە مرۆڤ دروستی کردووە، بەڵام بنەما بنەڕەتییەکانی ئیمان و چوارچێوەیەکی ئاینی هەیە. ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام یەکێک بوو لە بەهێزترین هێزەکانی بزوێنەری پشت دامەزراندنی و داهێنان و گەشەسەندنی ئەو شارستانیەته[٨٧]. موسڵمانان باوەڕیان وایە خواتاکە و هاوەڵی نیە وکەسی لێنەبوە و کەسیشی لێنابێت هەر ئەویش پشت و پەنایە وەکەسیش بەشداری ناکات لەدەسەڵاتیدا وەك لە سورەتی اخلاص دەفەرموێت.﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۝ اللَّهُ الصَّمَدُ ۝ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾[٨٨].

٢. **گشتگیری :** یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شارستانی ئیسلامی ئەوەیە کە شارستانیەتێکی گشتگیرو جیهانیە بە چاوێکی فراوانەوە سەیری ژیان دەکات،واتا شارستانیەتێکی داخراو و دەمارگیر نیە،بەڵکو شارستانیەتێکی جیهانی کراوەیە،بەبیٚ هەڵوەشانەوەی فرەیی کۆمەڵایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کەمەڵگا وەك (خێزان – عەشەرەت – گەل و هۆز) خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾واتە ئەگەر خوای پەروەدگارت بیوستایە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێوانی یەکتردا لە ئایین بەرنامەو بۆچوندا[٨٩].

کە دەڵێین شارستانی ئیسلامی جیهانیە چونکە لە هەموو جیهاندا کاریگەری و شوێنەوارو پاشماوەی بڵاوبوەتەوە، لەبەر چەند هۆکارێکیش قبوڵی شارستانیەتەکانی تری کردووە لەوانە:

یەکەم/ ئەو شارستانیە بەشێك لە ڕاستی و جوانی پاکی و بەهای بەرزی چاکیان تێدایە بووە کە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ پێغەمبەران دەگەڕێتەوە.

دووەم/ ئەو شارستانیانە بەرهەمی ڕۆڵی مرۆڤی پابەندکرووە و جێنشینی خودا بوون ، ژمارەیەکی زۆری لەوانەی ئیسلام نەبوون بەڵام لە ناوخۆی شارستانیەتی ئیسلامی بوون ژمارەیەکی تر لەوانەی عەرەب نەبوون ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەبەرەوپێشبردنی شارستانی ئیسلامی کردیانە شارستانیەتێکی جیهانی[٩٠].

شارستانی ئیسلامی بە خێرایی بەناو جیهاندا بڵاوبوویەوە سەرباری چەندین نمونەی دیکە وە مێژوونوسی فەرەنسی (ئەرسنت رینان) پشتڕاستی دەکاتەوە کە (زانستەکان و شارستانیەت و ئاداب و هونەرەکان و بڵاوبوونەوەیان بۆ ماوەی شەش سەدە تەنیا موڵکی موسڵمانان بوو)هەروەها بیرمەندی بواری شارستانیەت (گوستاف لۆبۆن)ی فەرەنسیش دەڵێت (موسڵمانان سەرجەم زانیارییە زانستی و ئەدەبی و فەلسەفییەکانیان بۆ ئەوروپا بەبەرهەم هێنا[٩١].

هەروەها (جۆرج سارتۆنی) بەرجیکی لەو وەسفی ئەو شارستانی ئیسلامیە دەڵێت ( موسڵمانان مامۆستای هەموو جیهانن، ئەگەر ئەوان نەبونایە ڕێڕەوی شارستانیەت چەندین سەدە دەوەستا و دوا دەکەوت [٩٢].

**٣. مرۆڤدۆستی :** ئیسلام کە هاتووە ڕێزی لەمرۆڤ گرتوە و بەچاوێکی مەزنەوە سەیری کردووە ، نەك وەك هەندێك لەبیروباوەڕە ئاینیە دنیاییەکانی تر بەچاوێکی کەمەوە سەیری هەندێك دەکەن هەموو شارستانیەتێک وەک مرۆڤێک جەستە و ڕۆحی هەیە، یەکێ لە تایبەتمەندی شارستانیەتی ئیسلامی شارستانیەتێکی مرۆڤدۆستانەیە لە پانتایی و دەستڕاگەیشتنەکەیدا گشتگیرە، نەبەستراوەتەوە بە هیچ ناوچەیەکی جوگرافی و ڕەگەز و قۆناغێکی مێژوویەوە. بەڵکو هەموو گەلان دەگرێتەوە و کاریگەرییەکەی بۆ شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکان درێژ دەبێتەوە. شارستانیەتێکە کە لە ژێر سێبەریدا هەموو مرۆڤایەتی پەنا دەبات، و بەرهەمەکانی لەلایەن هەموو ئەوانەی بەخششەکەی وەردەگرن دەچنرێن. شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕە دامەزرا کە مرۆڤایەتی گرنگترینی دروستکراوەکانی خودایە، هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دەبێت ببێتە هۆی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ واتە پێش هەموو شتێک کارێکی مرۆڤدۆستانەیە[٩٣].خوای گەورە ویستی جێنشینێك بۆ خۆی دانێت لەسەر زەوی، ئەوە نیشانەی ڕێزگرتنە بۆ مرۆڤ هەروەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ﴾[٩٤]. هەروەها دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴾[٩٥]. واتە بەڕاستی ئێمە قەدری ئادەمیزادمان گرتووە بە دیمەنی جوان و سروشتی چاك و باڵای ڕێکوپێك هێزی تێگەیاند بە قسەو نوسین وئیشارەکردن و بە هۆش و شارەزاکردنی ڕێگای ژیان دەست بەسەزەویدا گرتن و پیشاندانی ڕێگەی چاکەو خراپە بە گەلێ نیعمەتی تر کەلە ژماردن نایەن لەوشکانی بەسەر وڵاخ و لە دەریادا لەناو کەشتی هەڵمان گرتوون ڕۆزی پاکمان پێداون چ ئەوەی خۆیان ئامادەی دەکەن یان چ ئەوەی بۆیان ئامادەکراوە هەروەها گەورەمان کردوون بەسەر زۆرشتدا لەوانەی کە دروستمان کردوون[٩٦].

**٤- بەخشندەیی و لێبوردەیی:** شارستانی ئیسلامی شارستانیەتێکی بەخشندەیە سوودی لە شارستانیەت و کولتوورەکانی جیهان وکۆن وەریگرتووە، بەشداری لە میراتێکی دەوڵەمەندی زانست و زانست و هونەری پاڵاوتە و بەهاکانی چاکە و دادپەروەری و یەکسانی و فەزیلەت و جوانی کردووە. بەشدارییەکانی سوودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەبوو، بەبێ جیاوازی لەنێوان عەرەب و غەیرە عەرەب، سپیپێست و ڕەشپێست، یان تەنانەت موسڵمان و ناموسڵمان، جا چ شوێنکەوتووی ئایینە دابەزێنراوەکان یان مرۆڤ دروستکراوەکان بن، یان ئەوانەی بێ ئایین لە گەلانی جۆراوجۆرەوە کە لەژێر چەتری شارستانیەتی ئیسلامیدا دەژین [٩٧]. شارستانیەتی ئیسلامی بەهۆی بنەما باڵاکانی وەك لێبوردەیی و ئازادی و کرانەوە بەرووی گەلانی تردا توانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵیان، هەروەها سوود وەرگرتن لە کلتوور و فەرهەنگی گەلانی پێشوو شارستانی ئیسلامی توانی هەندێ بەرهەمی شارستانیە کۆنەکانی وەك فارس و ڕۆم و یۆنان و هیندی و چینی بهێنێت و کاریان لەسەر بکات، موسڵمانەکان بنەماکانی شارستانی ئەو گەلەکۆنانەیان بە ئەزموونی وەردەگرت و شەن و کەونی ڕۆحی ئیسلامیان دەکر بە باڵای تا ژیاری ئیسلامی دروشاوەتر بێت لەمەشەوە شارستانیەتێکی نوێ دەئەکەوت کە مۆرکێکی ئیسلامی ڕەسەنی وەرگرتبوو لە هەموو بوارەکاندا جێدەستی دیارە[٩٨].


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**٥- زانست :** ئیسلام ئەو دینەیە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاوەکو ئەمڕۆ کێشەی لەگەڵ زانستدا نەبووە و هەمیشە هانی خەڵکیداوە لەسەر خوێندنەوەو نوسین و هەوڵدان بۆ فێربوون، بۆیە لەماوەی حوکمی ئیسلامیدا زۆر شارستانیەتێکی ناوازە و ماوەدرێژ دروست بوون کە بەرهەمی ئەو کرانەوەیە کەوا لە نێو ئەم دینە بەرجەستەیە[٩٩].شارستانیەتی ئیسلامی سەرکردایەتی ڕێپێوانی زانست و مەعریفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئەوروپا بە سەدەکانی تاریکی دەزانێت، قورئانی پیرۆز لە چەند ئایەتێکدا هانی خەڵکی داوە بەدوای زانستدا بگەڕێن و ئەگەریش زانیاریتان نیە بپرسن وەك دەفەرموێت ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[١٠٠]. پێغەمبەر (ﷺ)هانمان دەدات کە بەدوای زانستدا بگەڕێن تەنانەت تا چینیش بێت، چونکە گەڕان بەدوای زانستدا واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك جێگای سەرنجە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەدواداچوون بۆ زانست لەم فەرموودە و ئەوانی تردا بە واجب زانیوە لەسەر هەموو موسڵمانێک، واتە ئەرکێک کە مرۆڤ لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەبەردەم خودادا ئەگەر کەمتەرخەم بێت لە گەڕان بەدوایدا. هەروەها چەندین فەرموودە لەلایەوە گێڕدراوەتەوە بۆ هاندانی خەڵک بۆ گەڕان بەدوای زانستدا، کاتێک ئیسلام لە مەککە سەریهەڵدا، شێوازی باوی پەروەردەکردن لەنێو خەڵکدا گوێگرتن و لەبیرکردن بوو. سەبارەت بە نووسین، هەرچەندە هەندێک کەس دەیانزانی چۆن بنووسن، بەڵام تەنها بۆ تۆمارکردنی بابەتی زۆر گرنگ وەک دەقی ئایینی و بەڵگەنامە و پەیمان و هاوپەیمانی بەکاردەهات.[١٠١].

**٦- کارکردن :** ئەمە سەرەکیترین بنەماو تایەبتەمەندی شارستانی ئیسلامیە، چونکە ئاینی ئیسلام هەمیشە جەخت دەکاتەوە لەسەر کارکردن بەو شتانەی فێریان دەبیت،بۆیە یەکیك لە بنچینە سەرەکییەکانی ئەم دینە پاش باوەڕو پەرستش کارکردنە بەدینەکە ئەمیش فەرمانکردن بە چاکەو نەهی کردنە لە خراپە[١٠٢].لە قورئانی پیرۆز کۆمەڵە باسێك بەدیدەکەین کە هانمان دەدات بۆ کارکردن وەك خوای گەورە دەفەرموێت کار بکە، چونکە خوای گەورە کردەوەکانتان دەبینێت و پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانیش دەبینن، وە دەگەڕێنەوە بۆ لای زانای غەیب و شایەتحاڵەکان، ئەویش ئاگادارتان دەکاتەوە لەوەی کە پێشتر دەتانکرد. ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ ۖ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾[١٠٣].پێغەمبەری ئیسلامیش (ﷺ) فەرمویەتی (إنْ قَامَتِ السَّاعَةُ وَفِي يَدِ أَحَدِكُمْ فَسِيلَةٌ فَإِنْ اسْتَطَاعَ أَنْ لَا يَقُومَ حَتَّى يَغْرِسَهَا فَلْيَغْرِسَهَا) ئەگەر قیامەت هات لە کاتێکدا یەکێک لە ئێوە نەمامێکی بەدەستەوە بوو، با بیچێنێ ئەگەر توانی پێش ئەوەی قیامەت بێت لەو دەلاقەیەوە روون دەبێتەوە کە ڕۆڵی مرۆڤی موسڵمان و خاوەن شارستانی لە کارکردن و داهێنان لەبەردەوامیدیە لەسەرەتای تێگەشتنەوە هەتا ڕۆژی دوایی کە ڕۆژی لێپرسینەوە [١٠٤]. کارکردن هەر بەتەنیا عیبادەت نیە لە شارستانی ئیسلامی بەڵکو بەرپرسیاریەتی و هۆکاری پێشکەوتنی ژیان و داهێنانی پیشەو دروستکردنی شارستانیەتە بۆیە خوای گەورە لە سورەتی دەفەرموێت ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ داوا لە ئیمانداران دەکات، دوای کۆتایی هاتنی نوێژی هەینی، بڵاوە بە سەرتاسەری زەویدا بکەن بۆ ئەوەی بەدوای ڕزق و ڕۆزی و بازرگانیدا بگەڕێن، لە هەمان کاتدا زۆر یادی خودا بکەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە دونیا و قیامەتدا ئەمە هاوسەنگییە لە نێوان عیبادەت و کاردا﴾[١٠٥].

**تەوەرەی سێیەم / پێگەی شار و (شارســازی) لە شارستانیەتی ئیسلامی**

شار لەناو شارستانی ئیسلامی گەورەترنی پێگەی شارستانی داگیرکردووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر شارستانیەتێك شارەكان ڕۆڵێكی بەرچاویان بینەوە لە گەشەسەندن و مانەوەی شارستانیەتەكان شارستانی ئیسلامی لە دروست بوونی هەتا ئێستا، شارەكان بەشێكی دانەبڕاو بوون لەو سامانە نەتەوەییە، ئیبن خەلدون پێی وایە وشەی (حضر) لە فەرهەنگی عەرەبیدا بە زۆر شێوە دێت بۆ مەبەستی جیاجیا گوتراوە بەمانای ئامادەبوون و پێچەوانەی گەشتكردن دێت گوتراویشە بە واتای شار و ئاوەدانی دێت كاتێكیش وتراوە (فلان حضری ) واتە فلان كەس دانیشتوی شارە لە ژێر ڕۆشنایی بەكارهێنانەكانی ئیبن خەلدون مەبەست لە وشەی (حضری) دانیشتوانی شارەكانن مبەستیش لە (حضری بوونی كۆمەڵگا شارستانی بوونی كۆمەڵگەیە[١٠٦]. هەروەها دەڵێن لە زمانی عەرەبیدا وشەی شارستانیەت لە كرداری(حضر)ەوە وەرگیراوە، بە واتای "ئامادەبوون" یان "دامەزراوبوون". بەم پێیە شارستانیەت پێچەوانەی وشەی (بدوی)ە ژیانی بیابانە. ئەمەش بەو مانایەیە كە شارستانیەت لە زمانی عەرەبیدا بۆ جیاكردنەوەی شارنشینەكان لە بیابانییەكان بەكاردێت. وە خەڵكی نیشتەجێبوو جیاوازن لەو بەدەوییە كۆچەریانە. هەروەها بە شێوەیەكی ئاسایی بەكاردێت بۆ ئاماژەدان بە كۆمەڵگایەكی ئاڵۆز كە ئەندامەكانی لە شارەكاندا دەژین و خەریكی بەرهەمهێنان و كشتوكاڵ و بازرگانین[١٠٧].وشەی شار بە ئینگلیزیی Urban بە فەرەنسیش Urbain بە لاتینش Urbanus ی پێدەڵێن ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ Urbe كە لەسەردەمی ئینپراتۆری ڕۆمدا بۆ شاری ڕۆم بەكارهاتووە. هەروەها وشەی Urbanization ی ئینگلیزی بە واتای شارسازی بەشاراندن یان بەشاركردن دێت فەرەنسیكەیشی Urbanisme بە واتای شارنشینی یا شارناسی دێت مەبەست لەمەش زانستی تەلارسازییەبۆ بنیاتنانی شار بەكار دێت[١٠٨].

سەرەڕای ئەوەی كە سەرەتاییترین سیستەمی نووسین لە هەمان شارەكان لە زۆربەی ناوچەكانی جیهان پشكنینە شوێنەوارییەكان باشترین سەرچاوەی زانیاریمان پێدەدەن لەسەر لێكۆڵینەوە لە سروشتی شارە سەرەتاییەكان و شارە كۆنەكان. زووترین شوێنەوارناسەكان بۆ گەورەترین و سەرنجراكێشترین شوێنەكان بووە لەوانە شوێنی نیشتەجێبوونی شار وەك دۆزینەوەی شاری نەینەوا لە لایەن هێنری لایارد لە ساڵانی ١٨٤٠ [١٠٩].

ناساندنی وشەی شار و تیۆرییە كانی لة شارستانی ئیسلامی زۆربەی سەرچاوەو لێكۆڵینەوە زمانییە كان ئاماژە بۆ ئەوە دە كەن كە وشەی شار لە وشەی ئاین یان (دین) وەگیراوە، ئەم وشەیە بەم مانایە سە ڕچاوە ی لە زمانی ئارام و عەرەبیەوە هەیە واتە لە بنچینەدا سامییە . ئەكەدی و ئاشوورییەكان شاریان بە ئاین دەناسی، بە واتای یاسا. جگە لەوەش دایان لە زمانی ئارامی و عیبریدا بە واتای دادوەر دێت. جگە لەوەش مدینتنا سەرچاوەكەی لە زمانی ئارامیدا بە واتای دادگا دێت[١١٠]. گەر باس لە پلانی شارسازی هەر شارێك بكەین، سەرەتا پێویستە بزانین شار چییە، بۆیە بە ووردی لە ڕووی زمانەوانی و بەكارهێنانی لە سەردەمی شارستانیەتی ئیسلامی دەتانین بڵێین شار بەمانای شوێن دێت (مكان)، یان بریتیە لەقەڵا كەلەسەر ڕووی بەرزاییەكان بنیات دەنرێت، یاخود ئەو شوێنەیە كە خەڵك تێیدا كۆدەبنەوە بۆ مەبەستی ژیان، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێدراوە كە مەبەست لەو شوێنەیە كە فەرمانڕەوایی (حوكم) ی تێدا دەكرێت بەمەبەستی بەڕێوبردن و جێبەجێ كردنی كاروباری ئایینی و دادوەری و كارگێری و ڕامیاری[١١١]. توێژەران لە دیاریكردنی بنچینەی زمانەوانی وشەی (المدینة) لە شارستانی ئیسلامی بۆچونیان جیاوازە هەندێكیان دەیگێڕنەوە بۆ (مدن) كە بە مانای نیشتەجێبوونە لە شوێنێكدا هەندێكی





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تریش بۆ وشەی (دان) کە بنچینەی وشەی (الدین) ە کە بەمانای ملکەچی و گوێڕایەڵی دەدات بە هەرمانایەك بێت وشەکە هەر لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتەوە گرێدراوە[١١٢].

شاریش دیاردەیەکی شارستانی و جوگرافی و جیاوازی هەبووە، لە ڕەهەندو دیاردە مرۆڤایەتییەکانی سەر ڕووی زەوی، شارە کوردییەکان وەکو هەر شارێکی دیکە بە بچووکی دەستیان پێکرد، پاشان هەندێکیان بۆ شاری مامناوەندی گەشەیان کردووە، تۆبۆگرافیای کوردستان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەکی تر جیاوازە، بەپێی جیاوازی شوێنیان دەگۆڕێت، ئەو شارە سنووریانەی کەکاریگەری ڕامیارییان لەسەر دروست بووە بەخاسیەتی ستراتیژی سەربازی ناسراون، لە هەندێکیان شوراو قەڵا هەیە، ئەو شارانەی کە دەکەونە پێدەشتەکان تاڕادەیەك شوراو و سەنگەریان تێدا نییە لە هەرێمی کوردستان، گرنگترین شارەکانی سەردەمی عوسمانی بریتین (هەولێر و کەرکوك و سلێمانی و هەلەبجە و زاخۆو کفری ...) [١١٣].
وڵاتی سۆپارتوو ئۆرارتو  یەکێکە لەو ناوچانەی ڕووی زەمین کە وڵاتی میزۆپۆتامیا پێکدێنن، هەرلە کۆنەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووەو ئاوەدانی وشارستانی تێدا دروست کراوە، لەبەر ئەوەی ژینگەکەی لەباربووە بۆ ژیان، هەروەها زەوی بەپیتی هەیە بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، وەك کشتوکاڵ کردن و پیشەگەری و بنیاتنان، بۆیە دەستیان کردووە بە دروستکردنی خانووبەرە بۆ خۆیان، لەمیزۆپۆتامیا و لەسەردەمی بابلی نوێ دروستکردنی شار شارنشینی بۆ یەکەم جار سەری هەڵداوە، ئەویش شاری بابل بووە کە بەگەورەترین شار دادەنرێت لەجیهانی کۆن و وڵاتی دوو ڕووبار بەدوو شورای گەورە دەور درابوو بۆمەبەستی بەرگری کردن و پاراستنی شارەکە[١١٤].گوندی چەرمۆش نموونەی شارنشینی داخزانی مرۆڤە لە ناوچە چیاکانەوە بۆ پێدەشتەکان و بە یەکێك لەو نمونانە دادەنرێت کە تیایدا وردە وردە دەستی بە ئاوەدانی کردووە، سەرەتای پەیدا بوونی شاریش بووە لە کوردستان کە مێژووەکەی بۆکۆتایی هەزارەی چوارەم وپێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە[١١٥] .
 ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە ڕەهەندی دروستبوونی  شارەکان لە کوردستان زۆرن، بە پشت بەستن بەو هۆکارانەوە کە دیاردەی ناوازانەن بۆ دروست بوونیان دەکرێ ئاماژە بە هۆکاری (ڕامیاری و بازرگانی و ئایینی وسەربازی) بکرێت[١١٦] . لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دروست کردنی شارەکان و پلانی شارەکان لە دروست کردنی مزگەوتەوە دەستی پێکرد، پاشان (دار الاماره).  بۆ نموونە ئەگەر شاری بەصرە  بە نمونە وەرگرین هۆکاری بنیاتنانی  بە پلەی یەکەم هۆکاری سەربازییە، هێڵکاری ئەو شارە لە سەرەتادا تەنیا مزگەوت و (دار اماره) بوو، بە یەکەم شاری سەردەمی ئیسلامی دا دەنرێت، لە دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی لەسەر بنچینەی ( قبلی) هۆزایەتی بنیات نرا، لە ساڵی (١٦ کۆچی) لەلایەن عەتبەی کوری غزوان و بە فەرمانی عمر کوڕی خطاب، پاشان شەقامەکانیش بە دەوری مزگەوت دروست کران، وەك بنەمایەکی سەرەکی بە دەوری ئەو بیرۆکە ئایینییەی کە کۆمەڵگا پەیڕەی دەکرد[١١٧].یەکەم کاری پێغەمبەریش (ﷺ) بنیاتنانی مزگەوت بوو وەك جەختکردنەوەیەك بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگاو شارستانی ئیسلامی بەو پێیەی مەڵبەندی دەوڵەتی ئیسلامیە[١١٨]. بنیاتنانی ئەم ڕووداوە گرنگەش لە ساڵی یەکەمی کۆچی ڕوویدا هەر لەو ساڵەش خوای گەورە باتگی دانا تا موسڵمانان بۆ نوێژ کۆببنەوە لەناو مزگەوتی مەدینە[١١٩].
هۆکارە سەربازی و ڕامیاری و کارگێری و شوێنی ستراتیژی، پەیوەندییەکی بە هێزیان هەیە بە دروست کردن و گەشەکردن و پلانی شارنشینی و دابەشبوونی شارەوە، هەروەك دروست

كردنی شاری (کوفه17 ك) له عێراق، هەروەها شاری (قەیرەوان50 ك) له مەغریب که بنیاتنراون هۆکاری سەربازییان له پشتەوەیان بوو، هۆکاری ئایینیش ڕۆڵی خۆی هەبووه له بنیات نانی شارەکان بۆ نمونه شاری (قاهیره ٣٦١ك)هۆکاری ئایینی له پشتەوه بوو بۆ ئەوەی ببێته پایتەختی دەوڵەتی فاطمیی[١٢٠]. هەروەها شاری (بەغداد ١٤٥-١٤٩ك) به مەبەستی سیاسی دروستکرا لەلایەن خەلیفه ئەبو جەعفەری کوری مەنصوور لەسەر ڕووباری دیجلەو بەشێوەیەکی بازنەیی (دائری) لەناوەراستدا، دروستکردنی کۆشکی خەلیفه پاشان مزگەوت و شوورایەکی گەوره که بەچەندین بورج دەوره درابوو[١٢١]. دابەشبوونی پلانی هەر شارێك بەگشتی جیاوازو هەمەجۆرن لەسەردەمێکەوه بۆ سەردەمێکی تر و له شارێکەوه بۆ شارێکی تر بەپێی پێویستی خەڵك یان کۆمەڵگه، بەشێوەیەکی گشتی مزگەوت که بەگرنگترین دامەزراوەی ئایینی دادەنرێت که دەکەوێته ناوەراستی شارەوه، پاشان (دارالاماره) له نزیك مزگەوت بوو که شوێنی والی بووه، دواتر شەقامەکان که به مزگەوتەوه لکابوون بۆ ئەوەی راستەوخۆ خەڵك بچێته ناو مزگەوتەوه، پاشان بازاڕ و گەرماوەکان و سەرچاوەی ئاوی بۆ دابین کراوەو ڕێڕەوی ئاوەڕۆی بۆ دروست کرا به پێی پلانی شار[١٢٢].

### شێواز خەسڵەتەکانی شارنشینی له شارستانی شارەئیسلامییەکان

### أ / دیارترین شێوەو شێوازی شارەکان له جیهانی ئیسلامی سێ جۆری سەرەکین :

١- شێوەی شاره پاشماوەییەکان (نمط المدن الباقیه) : واته ئەو شارانەی که لەسەردەمی ڕۆمانی و بێزەنطینی جێماون، موسڵمانەکان سوودییان له شێوازی بیناسازی ئەو خانووانه وەرگرتووه.

٢- شارەکانی پێش سەردەمی ئیسلامی (ما قبل الاسلام): له چاو شارەکانی تری پێش لەناوچوونی ڕۆمان، کۆمەڵێ زیادکردنی تازەیان بۆ کراوه، لەناو ئەم شارانەدا هەندێ دەروازەی شاری ئیسلامی دروست کران وەك ئەو کۆمەڵە خانووەی لەلایەن موسڵمانەکانەوه بونیاتنراون، تێیدا هەندێ شوراو قەڵای بەرگریان تێدا بونیات نا.

٣- شاره ئیسلامییەکان ( المدن الاسلامیه) : که لەسەر دەستی موسڵمانەکان بونیات نران، شێوازی ئەم شارانه جیاوازتر بوون لەسەردەم و جۆرەکانی تری پێش خۆیان، بەجۆرێك کەله سەنتەری شار کۆشکی والی یان خەلیفه پاشان مزگەوت و یان به پێچەوانه بنیات نراون، پاشان شەقامەکان دەوری مزگەوتەکانەوه دەردەچوون، دواتر بینای خزمەتگوزارییەکانی تر وەك ( بازاڕ و قەیسەری و خانەکان و گەرماوەکان (الحمامات) بونیات نراون[١٢٣].

**ب/ شاره ئیسلامیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی به سێ قۆناغدا تێپەریوون :**

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بنیاتنان و دروستکردن، ئەم قۆناغه بەوه جیادەکرێتەوه که هۆکاری سەربازی بەسەریدا زاڵبووه.

قۆناغی دووەم : قۆناغی گەشەکردن و ڕەهەندی دەرکەوتن، ئەم قۆناغەش بریتی بوو، لەدەرکەوتنی ڕواڵەتەکانی شارستانی که بەشەکانی شار و شوێنه شارستانییەتەکان بوو، لەگەڵ هاوچەشنی ئەو کارانەی که ئەنجامیان دەدات له کاتی بیناکردنی شارەکان.

قۆناغی سێیەم : قۆناغی جێگیربوون (الاستقرار)، لەم قۆناغەشدا لەگەڵ فراوان بوونی پێکهاتەی شار دام و دەزگاکانی شار زۆرترو فراوانتر بوون[١٢٤].

**ج/ گرنگترین جێماو شوێنی شارەکانی سەردەمی ئیسلامی:**

**یەکەم: شوێنه ئایینیەکان /** موسڵمانەکان مزگەوتیان له ناوەراستی شارو نزیك له بازار بونیات دەنا، پاشان کۆشکی خەلیفه و بیناکانی تری خزمەتگوزاری دەهاتن به دوایدا، یەکەم بیناسازی

ئیسلامیش له سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) لەشاری (مەدینەی منەوەر مزگەوت بوو، پاشان خانووی پێغەمبەر و شوێنەکانی تری شار بوون[١٢٥].

**دووەم کۆشکی شانشین (دار الامارە) /** (دار الامارە) لەسەردەمی ئیسلام بە مزگەوتەوە لکابوو، ئەمە لەسەردەمی پێغەمبەر بیناکاری بۆ کرابوو و دوور بوو لە شوێنی نیشتەجێی خەڵك، لە زۆرێك لە شارە ئیسلامییەکان تەنیا شەقامێکی تەسك هەبوو لە نێوان (دارالامارە) و (مزگەوت) بەو هۆیەوە وەکو ئاسانکارییەك بووە بۆ هاتوچۆی خەلیفە تا بگاتە مزگەوت بۆ مەبەستی خواپەرستی[١٢٦].

**سێیەم: شوێنە بازرگانییەکان /** بازار ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی شار بوو لە سەردەمە دێرینەکانەوە تا هاتنی ئیسلام، کە تیایدا بازرگانی بە تاك وکۆ ئەنجام دەدرا و گرێبەستی بازرگانی دەکران، تایبەتمەندی بازارەکان لەوەدا بوو کە هەموو پێکەوە بوون لەیەك شوێن بنیاتنرابوون[١٢٧].

**چوارەم: ناوچە نیشتەجێیەکان/** ( گەڕەکەکان) بەدەوری بازارەکان بوون، هەروەها لکاون بەشەقامە سەرەکییەکانەوە کە پێك هاتبوون لە کوچەو کۆڵانانەی کە ناوەندی شار شۆڕدەبوونەوە

**پێنجەم : شەقەمەکان/** شەقامەکان بە یەکێك لە هۆکارەکانی بنیاتنانی شارە ئیسلامیەکان دادەنرێت بۆ گەیشتن بە جوڵەو چالاکییەکانی هاوڵاتیان و بازرگانی و دەستی کار بۆ بازار، کە زۆرجار لە نزیك ناوچەی چەقی شار بوون، ڕۆڵێکی گرنگییان بینوە لە کاروباری بازرگانی و ڕامیاری و ئاییني لە شارە ئیسلامییەکان .هەروەها تەسك و باریکی شەقامەکان لە هەندێ بواردا کێشەو ئاستەنگی دروست کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی شارەکان بەشێوەیەکی زانستی هێڵکارییان بۆ نەکرا بووە، هەروەها هەندێ جار بۆ پاراستنیان بوو لە تیشکی رۆژ، بەتایبەت لەناوچە بیابانییەکان یان بۆ پاراستنیان لە هێرشی بێگانەو هۆزەکانی تر[١٢٨].

